# ئەم تەمەنە گازەڵی بەرپێی مێژووە !

http://www.angelfire.com/folk/hozak/

2. september 2002




نیشتمان
شەرتە کە تۆزی ڕێت، بە هەموو دونیا نەدەم
نیشتمان
شەرتە تا ماوم، لە شەرتی گیان فیدای لانەدەم
نیشتمان
شەرتە لە عیشقی پاکی تۆ، سەر با نەدەم
شەرتە قەت گوێ بۆ ڕەقیب و وەس وەسەی ئیعدا نەدەم
نیشتمان
ئەی فێنکی قەلبم، شنەی کوێستانەکەت
نیشتمان
ئەی ئاوی ژینم، خاکی کوردستانەکەت.

ئەگەر بمانەوێ پێدا چوونەوەیەك بەمێژووی ڕابردوویەکی نزیکی گەلەکەماندا بکەین هەر لە نیوەی دووهەمی حەوت سەدەکانەوە ئەوا بە چەندین کۆڵانی تەنگەبەر و بەر بەستراوی پلانی داگیرکەرانی ئەم خاکەدا ڕێ ئەکەین و چەندەها تیری ژەهراوی ڕقی تورك و عەجەم و عەرەب و ئینگلیزیشمان بەر دەکەوێ کە هەر یەکێکیان لە بۆ ئێمەی کورد لە گەڵ ژیانی ئیمڕۆماندا پێ ئەچێ هێشتا هەر بۆن و بەرامەی مابێ و بەلامانەوە نامۆ و دژوار نەبێ، ئایا پێ ئەچێ کە هێشتا ئاستی ڕۆشنبیری سیاسی و دیبلۆماسیەتی سەرانی کورد لە چاو 352 ساڵی ڕەبەقی ڕابوردمانا گۆڕانکارییەکی وەهای بەخۆیەوە نەبینی بێ؟
سەمەرەیە ئەگەر بێتوو ئیمڕۆ نەتوانین هیچ جیاوازییەك لە نێوەندیانا بەدی بکەین، وەیاخود بەردەوام دووبارە بوونەوە لە هەڵە مێژووییەکاندا تۆمار بکەین وەك چۆن دەڵێن مێژوو هەموو دەمێك ڕووداوەکانی خۆێ دووبارەدەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەزمانی بەقای کوردبوونیشمان بمانەوێ بدوێین ئەوا هەموو ڕۆژێ لە نەگبەتی ئێمەی کوردا مێژوومان دووبارە ئەکەینەوە و ئەزموونێك لە هەڵەکانی ڕابوردمان وەرناگرین.

لە نیوەی دووهەمی حەوت سەدەکانەوە چەندەها مێژوونووس و خۆرهەڵات ناسان لە سەرتاسەری کوردستاندا هەریەکەیان بەپێی بەرژەوەندی وڵات و بەرێوەبەر و سوڵتانەکانیان مێژووی ئەم گەلەیان تۆمار کردووە، هەندێکیان بە جووتیار و بە کۆچەر و بە دڕندە و کێوی ناویان بردووین، هەندێکیان بە ئیسلامی فەناتیکە و هەندێکیشیان بە وەیان ناساندووین کە هێشتا لە قۆناغەکانی ژیانی کۆمۆنە سەرەتایی و هەرەوەزیەکانداین. بەرهەرحاڵ بە هەرشێوەیەك بێ ئێستا دەمانەوێ هەنگاوێك بنێینە نێو بیرەوەرییە بەسوێکانی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردەوە و سەرنجێك لە شێوەی هەڵکەوتنی شۆڕشەکانیان بدەین بۆ ئەو مەبەستە سەرەتا دەچینە نێو کۆڵانەکانی چینایەتی خەڵکی کوردەوە، بێگوومان لەو سەردەمانەدا چین و توێژ لە ناو کۆمەڵی کوردیدا هێندە زۆر نەبووە بە دوو جۆر فیوداڵی کۆچەری و نیشتەجێی خاوەن زەوی و زار و چینی کرێکار و ڕەنجبەر و هەژاری بێ سەرمایە لەگەڵ چینی بۆرژوازی ناو شار و خاوەن دەست مایە و خانوو بەرە، لە سەردەمی دەستەڵاتی عوسمانلی دا چینی فیوداڵ کاریگەری خۆیان بەسەر خەڵکانی بێ دەستەڵاتی هەژاری کوردا زۆر بووە، کە لە ژێر میهری تورکدا پارچە زەوییەکیان لە تورکەکان کڕیوەتەوە یان بەدیاری لە بەرئەنجامی کارێکدا کە بۆ تورکیان کردبێ وەریان گرتووە ئەو پارچە زەوییەی کە موڵکی کوردە و کەچی هاودەم بێگانە خاوەنیەتی و کوردیش کڕیار و موشتەری، دەوڵەتی عوسمانلی بێچاو و ڕوو کە خاکی کورستانی داگیرکرد بە پێی شەریعەتی ئیسلام ڕەفتاری لەگەڵ کوردی هەژاری سیاسەت نەزاندا دەکرد بەپێی شەریعەتی ئیسلام کە دەوڵەتی عوسمانلی ببوە گەورەترین فیوداڵی خاوەن زەوی و زار،

پاش ئەوەی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردی ئەگاتە نیشتەجێبوون و شارستانییەتێکی سەدەیی بەپێی بارودۆخی ناوچەکە دێتەکایەوە کە بەپێی ئەو سەردەمە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە ئاستێکی گەلێك نزمدا لەنگەری گرتبوو بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە کە دەشا خوێندەواری تەنها لەڕێگای مزگەوت و قورئانەوە بێ ، قووتابخانە نەبوو ڕەوتی زانستی لە ئاستێکی زۆر خراپدا دەهات و دەچوو، ئەگەر بەڵایەکی سروشتی یان نەخۆشییەکی کوشندەی وەك تاعون ڕووی بکردایە ناوچەکە ئەوا هەموو چاوەڕێیان دەکرد ئاخۆ کەی سەرەی مردنیان دێ؟! لەسەردەمی میرایەتی باباندا لە ساڵی 1757 دا ڕشانەوەیەکی گەورە بڵاو بۆتەوە خەڵکێکی زۆری کوشتووە، لە ساڵی 1773 جارێکی تر ڕشانەوەیەکی تر ڕوودەدات، لە ساڵی 1803 دا ناوچەی بابان بە بوومەلەرزەیەکی بەهێز هەڵ ئەتەکێنرێ، ئەمە و چەندین کارەساتی دیکەی تری جەرگ بڕ کە بووەتە هۆی ماڵوێرانی بۆ خەڵکی کورد، نەبوونی پزیشکێکی شارەزا لە ناوچەکەدا و نەبوونی دام و دەزگایەکی تەندروستی بێجگە لەو کەسانەی بە حەکیم و لوقمان ناسراو بوون بە هۆی گژو گیاوە هەندێ جار توانیویانە هەندێ نەخۆشی ئاسان چارەسەر بکەن.

ئەگەر بمانەوێ هەوڵ و تەقەلای خەڵکی کورد لەڕەوتی بەرەو پێشچوونی خۆی ئاماژە بکەین و ناوی بنێین سەدەی شارستانیەتی خەڵکی کورد بەتایبەت لە باشوری کوردستاندا ئەوا دەکرێ دەستنیشانی * شێخ مارفی نۆدێ و مەولانە خالیدی نەقشبەندی * بکەین، چونکە ئەم دوو مرۆڤە بەرزەی کورد ئەم دوو زانایەی ئەو سەردەمە ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبووە بۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی کورد، هەرچەندە ڕۆڵی ئەو دوو زانایەی کورد تەنها لە مزگەوتەکاندا بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە پێی ئەو سەردەمە درێغیان نەکردووە. هەردوولا دوو ڕێگەی جیاوازی باوەڕی ئاینییان هەبووە، وەك * تەریقەی نەقشبەندی و تەریقەی قادری * کە قادری لە شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە وەرگیراوە ساڵی 1077 لە لەیلان لەدایك بووە ساڵێ 1166 لە بەغداد کۆچی دوایی دەکات. کە گوایە شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە بنەچە دەگەڕێتەوە سەر پێغمبەری ئیسلام محەمەدی عەرەبی. بەڵام تەریقەی نەقشبەندی ئەگەڕێتەوە بۆ شێخ محەمەدی نەقشبەندی کە لە کوردەواریدا بە * شای نەقشبەند * ناسراوە، لە ساڵی 1317 لەدایك بووە و لە ساڵی 1389 کۆچی دوایی کردووە لە کۆشکی هندوانی عارفان نزیك شاری بوخارا لە ئۆزبکستان نێژراوە.

شێخ مارفی نۆدێ بە 13 پشت ئەچێتەوە سەر سەید عیسی کوڕی سەید بابا عەلی هەمەدانی کەساڵی 1207 لە دایك بووە و ساڵی 1305 کۆچی دوایی کردووە ئەو شێخ بابا عەلی یە کوڕی شێخ شەهاب الدین یوسفە برای بابا تاهیری هەمەدانی. شێخ مارفی نۆدێ ناوی شێخ محەمەدە و کوڕی شێخ مستەفایە، کاتێ شێخ مستەفای باوکی بنەو بارگەی خۆی لە بەرزنجەوە ئەگوێزێتەوە بۆ نۆدێ ئیتر لە نۆدێ دا سەقام گیر ئەبن و شێخ محەمەدیش لە نۆدێ لەدایك ئەبێ، بەڵام ناوی شێخ محەمەد بە گۆڕانی ڕۆژگار ئەگۆڕێ بۆ شێخ مارف. شێخ مارف پیاوێکی ژیر و بە سەلیقە و خوێندەوارێکی بە توانا بووە لەبواری ئاینی و

فەلسەفیدا دەستێکی باڵای هەبووە بەو شێوەیەش لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورد و بێگانەدا ناسرابوو، لە سەردەمی میرایەتی باباندا ڕۆڵێکی کارگەری ئەبێ پاش ئەوەی شێخ مارف لە ناو بەڕێوەبەرایەتی باباندا وەك چەمکێکی هۆشیاری بەدی دەکرێ گرنگییەکی زۆر بە شێخ مارف ئەدرێ و لە قەڵاچوالاندا بنەی بۆ ساز ئەکەن و حوجرەی بۆ دەکەنەوە، دوای ئەوەی براهیم پاشای بابان بیر لەوە دەکاتەوە پایتەختی ئیماراتەکەی بەشێوەیەکی تر لێبکات، ناوچەی مەڵکەندی و کانی ئاسکان کە ئێستا هەریەکەیان گەڕەکێکن لەشاری سلێمانیدا هەڵئەبژێرێت کە بیکات بە شارێکی نوێ، قەڵاچوالان ئەو سەردەمە شوێنێکی لەبار نەبووە بۆ حوکمڕانیەتی میرنشینی بابان یەك وەك ئاسایشی بەڕێوەبەرایەتیەکە دووهەم قەڵاچوالان زۆر جار بەر ڕقی بوومەلەرزە ئەکەوت و زیانێکی زۆری بە ناوچەکە دەگەیاندە و بەرفراوانیش نەبووە.

گەلی کورد خۆی تەنها لە چەند چینێکا ئەبینیەوە و هیچی تر ، وەك چینی فیوداڵی و چینی بۆرژوای پارەداری ناو شار و چینی کرێکار و جووتیار و ڕەجبەران. لە چینی فیوداڵیشدا هەمان شێوە دوو بلۆك دەبینرا وەك کۆچەریەکان و نیشتە جێبوەکان کە ئەمانە فیوداڵی خاوەن زەوی و زار بوون. لەو سەردەمانەدا کە دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانلی باڵی ڕەشی خۆی بەسەر خاکی کورستانیشدا ڕاماڵی بوو، زۆر لە فیوداڵە کوردیەکان بۆ زیاتر بەرفراوان کردنی زەوی و زاریان لە ناوچەکەدا مەئموورایەتییان بۆ کۆکردنەوەی سەرانە و باجی مەڕو ماڵات لە ناوچە عەشایەرییەکاندا دەکرد و پەیوەندییەکی توند و تیژیان بە دەزگا سەربازییەکانی تورکەوە دەبەست و خەڵکی ڕەش و ڕووتی ناوچەکانی خۆیان دەنارد بۆ ناو ڕیزەکانی سوپای عوسمانلی و ئەکرانە خەرمانی نێو دەستاڕی غەزای ئیسلامی. لەپاداشتی ئەم کارەشدا فیوداڵە کوردییەکان یان عەشایەرە کوردییەکان لەقەبی پاشایان لە عوسمانلییەکانەوە پێ ئەبەخشرا .

وەك ئەو لە قەبانەی کەدرابوون بە * مەحمود پاشای جاف وەسمان پاشای جاف و بایز پاشای مەنگوڕ .. هتد .* ئەوەی جێگەی سەمەرەیە کە گەلی کورد خۆی خاوەنی خاکەکەی بووە بەڵام لە لایەن دەستەڵاتە داگیرکەرەکانەوە جارێکی تر خاکەکەی پێ فرۆشراوەتەوە، سەرەك عەشایەرەکان بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە پارچە زەوییەکیان لەتورکەکان کڕیوەتەوە یان بە دیاری لە بەرئەنجامی کارێکدا کە بۆ تورکەکانیان کردبێ وەریان گرتووە ، دەوڵەتی عوسمانلی بێ چاو و ڕوو کە خاکی کوردستانی داگیر کرد بە پێی شەریعەتی ئیسلام ڕەفتاری لە گەڵ کوردی هەژاردا دەکرد ، بە پێی شەریعەتی ئیسلام کە دەوڵەتی عوسمانلی ببوە گەورەترین فیوداڵی خاوەن زەوی و زاری کوردی .

پاش ئەوەی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵی کوردی ئەگاتە نیشتە جێبوون و شارستانیەتێکی سەدەیی بەپێی بارودۆخی ناوچەکە دێتەکایەوە کە بە پێی ئەو سەردەمە ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندەواری لە بوارێکی نێرینەی شەپۆلی ڕووبارێکی بەر گێراودا ئەگیرسایەوە بە هۆی ئاینی ئیسلامەوە ڕێگە نە دەدرا خوێندێن لە حوجرەکاندا بێتە دەر خوێندەواری بە تەنها لەڕێگەی مزگەوت و قورئانەوە بڵاو کراوەتەوە، قووتابخانە نەبوو ڕەوتی زانستی لە ئاستێکی زۆر خراپدا دەهات و دەچوو، نەبوونی پزیشکێکی شارەزا لەناوچەکەدا و نەبوونی دامودەزگایەکی تەندروستی بێجگە لەو کەسانەی بەحەکیم و لوقمان ناسراو بوون بەهۆێ گژو گیاوە هەندێ جار توانیویانە هەندێ نەخۆشی ئاسان چارەسەر بکەن ،

لە سەردەمی سەر هەڵدانی شێخ مارفدا جوڵەیەك کەوتە خوێند و تەقەلای خوێندەوارییەوە بە تایبەت ئەو حوجرەیەی کە شێخ مارف کە لە نۆدێ* دا داینا بوو هەر لە وێشەوە ڕەوز زەهەر کەوتە بەردەستی خوێنەر،

شێخ مارفیش خۆی هەر لە نۆدێدا لەدایك بووە و لە قووتابخانەی ئایینی * غەزائیە * خوێندوویەتی و ماوەیەکیش لە لای مامۆستا * محەمەد ئەمینی حەللاج خوێندوویەتی لە گوندی هەزار مێرد بەرانبەر شاخی بەرانان، پیاوێکی بەسەلیقە و خوێندەوارێکی بەتوانای سەردەمی خۆی لێدەردەچێ، تا ئەگاتە ئە ئاستەی کە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردا خۆشەویستییەکی زۆری پێ ئەبەخشرێ و تەنانەت لەلایەن میرایەتی بابان و تورکی عوسمانیشەوە گرنگییەکی فەرهەنگی و سیاسی پێ ئەدرێ، شێخ مارف لەساڵی 1752 لەدایك بووە و لەساڵی 1838 دا کۆچی دوایی کردووە و لەگردی سەیوان نێژراوە.

لە سەردەمی براهیم پاشای باباندا شێخ مارفی نۆدێ گرنگییەکی تەواوی پێ ئەدرێ شێخ مارف ژیانی لە نۆدێوە ئەگوێزێتەوە بۆ قەڵاچوالان لەوێ مزگەوت و حوجرەیەکی بۆ وانە ووتنەوە بۆ ئەکەنەوە، تا هاتنی

بیری دروست کردنی شارێکی نوێ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە شێخ هەر لە قەڵاچوالاندا گوزەر دەکا، ئیبراهیم پاشا دەمێك بوو بەدوای ئەوەدا وێڵ بوو بنەو بارگەی خۆی گەورەتر بکات و بەرەو پێشتری بەرێت، قەڵاچوالان لەڕووی ئاسایشی میرنشینیەوە مەترسی هەموو کات لەسەر بووە پاشان زۆر جار بەر ڕقی گەورەی بوومەلەرزە کەوتووە، کە کاتێك ئیبراهیم پاشا دەست نیشانی دەشتەکانی کانی ئاسکان و مەڵکەندی دەکات کە ئێستا دوو گەڕەکی گەورەن لە شاری سلێمانیدا ناوچەکەی لەلا پەسەند ئەبێ ڕاستەو خۆ بڕیاری ئەوە ئەدات کە لەم شوێنەدا شارێك دروست بکات، ئیتر ئەو هەموو ئەرك و قەرەبالغییە لە سەر قەڵاچوالان لابات چ دی تووشی لافاوی گەورە و زیان بەها نەبن لەو تەنگەبەرییەی قەڵاچوالان ڕزگاریان بێت و پاشانیش لە هێرشی ئێرانیەکانیش بە دوور بن. ئیبراهیم پاشا بۆ دروست کردنی ئەم شارە داوای پشتگیری هەموو لایەکی کرد کە بێنە ناو ئەم شارە تازەیە بژین لە زۆرینەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکی هاتن بۆ پشتگیری کردنی ئەم شارە لە سنەوە چەندین بەنای شارەزا هاتن بۆ دروست کردنی خانوبەرە، لە هەمەدانەوە بنەماڵەی * ئاغا تەها * هاتن گەڕەکی دەرگەزێنیان ئاوەدان کردەوە لە سابڵاخ و بانەوە خەڵکی هاتن کە قەزازەکان سابڵاخی بوون. لەساڵی 1784 دا شارەکە تەواو ئەبێ بەڵام کە کاتێك خەریکی دروست کردنی * سەرا * ئەبن لە هەڵکەندنی بناغەکەیدا مۆرێك ئەدۆزنەوە کە مۆری سلێمان پاشای بابان بووە، کە کاتێك مۆرەکە ئەدەنە دەست ئیبراهیم پاشا ئیتر گەلێك دڵ خۆش ئەبێ بەم ڕووداوە هەر بەو خۆشییەوە بڕیار ئەدات شارەکە ناو بنێن سلێمانی.
مزگەوتێکی گەورەش بەناوی مزگەوتی گەورەوە دروست ئەکەن بۆ خوا پەرستن و بۆ خوێندن، مەولانە خالیدی نەقشبەندیش ئەکەن بە * رئیس العلما * و خەڵکیان تێدا فێری خوێندەواری کردووە، دوای ڕۆیشتنی مەولانەخالید بەدڵشکاوی بۆ شاری بغداد شێخ مارفی نۆدێ ئەکەنە جێگاکەی ئیتر شێخ مارف هەتا سەردەمی هاتنی کاك ئەحمەدی شێخی کوڕی بەردەوام ئەبێ و دوای مەرگیشی کاك ئەحمەدی شێخ جێگەی باوکی ئەگرێتەوە، کە شێخ مارف هەموو هیوای ئەوە بووە کوڕێکی ببێت ناوی بنێ ئەحمەد، کەپێش لەدایك بوونی فەرهەنگی زمانی عەرەبی و فارسی بۆ دروست دەکات تا بتوانێ بەزمانی عەرەبی و فارسی بخوێنێ و بنوسێ فەرهەنگەکەش ناودەنێ ئەحمەدی.
کاك ئەحمەد ساڵی 1207 هەتاوی لەدایك بووە و لەساڵی 1305 دا کۆچی دوایی کردووە و لەمزگەوتەکەیدا نێژراوە. کاك ئەحمەد جگە لەوەی زانایەکی ئایینی و خوێندەوارێکی پلە بەرز و نووسەرێکی بە توانای ئەو سەردەمەبووە یەکێ لە خاڵە بەناوبانگەکانی کاك ئەحمەد ئەوەیە کە هەمیشە هەوڵیداوە خەڵك بەکوردی بخوێنێ و بنوسێ هەوڵ و تەقەلای ئەم مرۆڤە بەرزەی کورد وای کرد خوێندن لە مزگەوتەکانەوە بگوێزێتەوە بۆ قووتانخانە زانستییەکان، کاك ئەحمەد مزگەوتی بۆ پەرستنی خودا دانابوو قووتابخانەش بۆ خوێندن، هەرچەندە ئەمە کارێکی وەها ئاسان نەبووە لەو کات و سەردەمەدا خوێندن لە مزگەوتەوە بگوێزیتەوە بۆ بۆ قووتابخانە چونکە بە پلەی یەکەم دەوڵەتی عوسمانی دوای ئەوەی دەستەڵاتی میرایەتی بابانیان کۆتایی پێهێنا لە ساڵی 1851 دا * نامق پاشای تورك * کە والی ئەو سەردەمە بووە * عەبداللە پاشای * بابان بانگ ئەکا بۆ ئەستەنبوڵ بەدەست بەسەری و * ئیسماعیل پاشای تورك * لەجێگەی دائەنێ، هۆی سەرەکی داگیرکردنی سلێمانی لە لایەن تورکەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی نێوان بنەماڵەی * ئاغا تەها * کە کاتی خۆی براهیم پاشای بابان بانگی کردن بۆ سلێمانی و گەڕەکی دەرگەزێنیان دروست کرد، لە دوای ماوەیەك تێك دەچن لە گەڵ بنەماڵەی شێخاندا و ناکۆکی دەکەوێتە بەینیانەوە، نامە بۆ نامق پاشای عوسمانلی دەنووسن کە بێنە ناو شاری سلێمانیەوە و ئەوان حکومڕانی سلێمانی بکەن. ئیتر بەم شێوەیە تورکەکان ڕازی نەدەبوون بە کردنەوەی قووتابخانە لە سلێمانیدا و بەکارێکی ناڕەوا و سەرپێچی کردنی ئاینی ئیسلامیان دەزانی ناویان دەنا کفر، لەسەرێکی ترەوە زۆر لەخەڵکانی تری ئیسلامی کورد بەکارێکی ناڕەوا و کفریان زانیوە منداڵانیان بچنە قووتابخانە فێری زانست ببن، جگە لە قورئان و وتەکانی پێغمبەر و شیعری حافز و سەعدی شیرازی کۆمەڵێ بەرهەمی هۆنراوەیی نەبێ هەموو زانیارییەکی تریان ڕەت کردۆتەوە و بەکافرستانیان زانیوە، بەڵام خۆش بەختانە کاك ئەحمەدی شێخ لە هەوڵەکەیدا سەرئەکەوێ و خەڵکانێکیش دەبێ کە پشت گیری دەکەن، ئەوەی جێگەی سەرنجە کە تورکە فاشستەکانی عوسمانلی بە ڕەوای هەقیان زانیوە بۆ خۆیان لە ئەستەنبوڵ و ئەنقەرە و شارەکانی تریاندا قووتابخانە هەبێ بەڵام بۆ کورد قەدەغە بووە و بە

کافرستانیان زانیوه. لە کۆیەدا پیاوێك دژی کاك ئەحمەدی شێخ ڕاست ئەبێتەوە کارەکەی کاك ئەحمەد بە کفر و لادان لە ئاینی ئیسلام دەزانێ بەم کورتە هۆنراوەیە وەڵام بۆ کاك ئەحمەد ئەنوسێ.

کەس نەماوە بە غەیری کاك ئەحمەد
شێخی مەعروف و عالمی ئەرشد
چاکە، ئێستا دەکا لە بۆ کوردان
تەرجمەی شەرع و ئایەتی قورئان
واقیعەن خزمەتی لە بۆ خودایە
چ دەبوو ئەگەر بە کوردی نەبایە؟

حاجی قادری کۆیی وەك سیمبولێکی کوردایەتی ئەو سەردەمە کە هەموو کات خاك و نیشتمان و زمانی کوردی لەلا لە باوەڕەکەشی بەنرختر بووە وەڵامێك بۆ ئەو پیاوە دەنووسێ و ئەڵێ:

هەر کەوای وت وەها موکەدەر بووم
وام زانی کەوا لە دین دەرچووم
گووتم، ئێستاش لەسەر کەری ماوی
چابوو مستم نەدا لەنێو چاوی،

کاك ئەحمەدی شێخ دوو کوڕی ئەبێ شێخ بابا عەلی و شێخ محەمەدە بچکۆلە، شێخ بابابە عەلی زۆر بە گەنجی کۆچی دوایی دەکات شێخ محەمەدە بچکۆلەش هەمان شێوە لەتەمەنی 26 ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات، بەڵام شێخ محەمەدە بچکۆلە حەوت کوڕی لەدوا بەجێ ئەمێنێ * شێخ سەعید ، شێخ مارفی نەقیب، شێخ مستەفا نەقیب، سەید حەسەن، سەید عومەر، سەید ئەحمەد، سەید عیسا * پاش کۆچی دوایی کاك ئەحمەدی شێخ، شێخ سەعید جێگەی باپیرەی ئەگرێتەوە دیسان وەك چەمێکی شارستانیەت و سیاسی لە ناوچەکەدا ڕۆڵی کاریگەری خۆی دەبێ.
شتێکی شاراوە نییە کە چۆن داگیرکەرانی خاکی کوردستان بۆ ڕاگرتنی تای تەرازووی سیاسەتی خۆیان لە کوردستاندا هەموو کات گرنگییەکی زۆریان بە ناودارەکانی کورد و سەرەك عەشایەرەکان هۆزە خێڵەکی و کۆچەرییەکان داوە، هەمان کات بۆ دانانی هێڵێکی گەڕانەوە چەند کۆمەڵ و گروپی تریان کردووە بە گژیاندا نەوەك ڕۆژێ لە ڕۆژان لێیان هەڵبگەڕێنەوە و باری مانەوەیان لە ناوچەکەدا لەق بکەن، لە سەردەمی شێخ مارفی نۆدێ و مەولانە خالیدا کە ئاشکرا هەرلایەکیان ڕێگایەکی جیاوازتری گرت بوو وەك لەوی تریان، بەردەوام جیاوازی بیرو بۆ چوونی جیاواز سەبارەت بەکردگار و باوەڕی ئایینی لە نێوانیاندا هەبوو، بەتایبەت لەو کاتەوەی یەکێ لە کوڕەکانی ئیبراهم پاشا کە نەخۆش دەبێ دەنێرن بە دوای مەولانەخالیدا بێت تەماشای بکات، کە مەولانە کوڕە ئەبینێ ئەڵێ هیچ نییە بە پشتیوانی خودا چاك دەبێتەوە، بەڵام کوڕە باری تەندروستی زۆر خراپ دەبێ، دەنێرن بەشوێن شێخ مارفیشدا کە بزانن ئەو چی ئەڵێ، کە شێخ تەماشی کوڕە دەکا شێخ دەڵێ مرۆڤ ناتوانێ هەموو شت بخاتە ژێر ڕەحمەتی خوداوە کوڕەکەت پێویستی بە چارەسەر هەیە، پاش ماوەیەك کوڕە دەمرێ، گوایە لەم کارە میری بابان زۆر دڵی لە مەولانە دەشکێ و بڕیاری لابردنی مەولانە لە مزگەوتی گەورە دەدات، بەم شێوەیە مەولانە سەرگەردان و ئاوارەی بغداد ئەبێ بۆ ماوەیەك پاشان لە وێشەوە بۆ سوریا لە شام لە گەڕەکی ساڵحیە کۆچی دوایی دەکات و لەوێش ئەینێژن. جگە لەم هۆیەش بۆ دروست بوونی دووبەرەکی لە نێوانی بنەماڵەی شێخان و جافدا، هۆی تریش هەبوون کە بنەماڵەی شێخان بەهۆی میری بابان و دەستەڵاتی عوسمانیەوە ببوونە فیوداڵێکی بە خاوەن زەوی و زارێکی زۆر کە هەرکات تورکەکان غەزایان کردبێ چ شێخ مارف چ کاك ئەحمەدی شێخ سەربازی کوردیان لەگەڵ ناردوون لەبری ئەم هەڵوێستە تورکەکان پارچە زەوییان داوە بەبنەماڵەی شێخان کە ئەمەش بۆ فیوداڵە جافەکان جێگەی ناخۆشی بوو بەتایبەت لەو کاتەدا کە مەحمود پاشای جاف بە ئاشکرا دژایەتییەکی زۆری شێخ سەعید ئەکات بەوەی کە دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و سوڵتان عەبدول حمید * بەتایبەت گرنگییەکی زۆر بە بوونی شێخ سەعید ئەدات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆری تری عەشایەرییە کوردییەکان ناکۆکیان لە نێوەندا هەبووە لە وانە هەمەوەندیەکان و تاڵەبانییەکانیش دژایەتی بنەماڵەی شێخیان کردووە لەسەر کڕین و فرۆشتن، کاتێ بەرزنجییەکان

دەچنە لای تاڵەبانییەکان بۆ کڕینی گەنم و جۆ لەوێ پارەکانیان لێ دەستێنن و تێیان هەڵدەدەن و هیچیشیان نادەنێ، بەم کارە شێخ سەعید دڵگران دەبێ و ئەنێرێتە سەریان لەم شەڕەدا براکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانیش بەشدار بووە، ئەوەی کە زیاتر جافەکانی هار کرد لە بنەماڵەی شێخان غەزای ئیسلامی تورك بوو بەسەر ڕووسەکاندا کە تورك داوا لە کاك ئەحمەدی شێخ دەکا بۆ هاریکارییان لەو غەزایەدا کاك ئەحمەد بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی کوڕەزای لەشکرێك دەنێرێ بۆ سەر ڕووسەکان، لە پاداشتی ئەمەدا تورکەکان * جۆگای کاك ئەحمەد کە لە ئاوی سرچنارەوە هەڵ ئەگیرێ لەگەڵ 5 گوندی تری شاربازێر ئەدەن بە کاك ئەحمەدی شێخ بەم شێوەیە فیوداڵی بنەماڵەی شێخان دەوڵەمەند ئەبێ و لەسەردەمی شێخ سەعیدا کە ئێستا باسی لێدەکرێ زیاتر بووە و گرنگی زیاتر دراوە بەو فیوداڵە، تورکەکان لەخاکی کوردستاندا ڕەوشتێکیان هەبووە لە کاتێکدا کە دەستەڵاتیان بەهێزبووە لە کوردستاندا زەوی و زارەکانیان داوە بەکرێ بەڵام کەزانیویانە کاتێك ناتوانن کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن زەوییەکانیان زیاتر فرۆشتووە لێرەدا پارەدارەکانی کوردیش هەلەکەیان ئەقواستەوە ئەیان کڕی لە ساڵی 1858 یاسای تاپۆی لە کورستاندا دامەزراند.

کە کاتێك چالاکییەکانی مەحمود پاشای جاف لە ناوچەی سلێمانیدا دژی بنەماڵەی شێخان دەست پێدەکا کۆمەڵ و دەستەو گروپی جیاجیا لە ماڵی شێخان هاندەدەن، شێخ سەعید لەژیانیدا دوو جار سەردانی ئەستەنبوڵی کردووە لەجاری یەکەمدا دوای شەڕی تاڵەبانییەکانبووە کە زۆر قسەو گلەیی هاتبۆ سەر شانی شێخ سەعید جاری دووهەمەمیشی بە بانگ کردن چووە واتە لەلایەن * سوڵتان عەبدولعزیز * والی عوسمانیەوە دەعوەت کرابوو، لەم بانگ کردنەدا شێخ سەعید کۆمەڵێ لە هاوکارانی خۆی دەبات بۆ ئەستەنبوڵ لەگەڵ خۆی لەوانە چوار لە براکانی خۆی کە شێخ مستەفا نەقیبیشی لەگەڵە شێخ مەحمودی کوڕی کە ئەوسەردەمە تەمەنی هەر 21 تا 22 ساڵ دەبوو وە مامۆستا پیرەمێردی شاعیر و مامۆستا زێوەریشیان لەگەڵ دەبێ، لەم سەردانەدا ڕێزێکی زۆر لە شێخ و یاوەرەکانی دەگیرێ ماوەی دوو مانگێك لە ئەستەنبوڵ دەمێننەوە سوڵتان عەبدولعزیز لەم دیدەنەی شێخدا گەلێ دڵ خۆش دەبێ و جفرەی تایبەتی خۆی دەدا بە شێخ کە لە کاتی گرنگدا ڕاستەو خۆ پەیوەندی پێوە بکات، دوای تەواو بوونی کارەکانیان لە ئەستەنبوڵ شێخ سەعید و شێخ مستەفا نەقیبی برای بڕیاری چوون بۆ مەککە ئەدەن بەنیازی عەمرە، بەڵام مامۆستا پیرەمێرد و شێخ مەحمود و هاوڕێکانی تریان دەگەڕێنەوە بۆ کورستان، لە ڕێگا لە کۆیە لادەدەن لە مزگەوتێکی کۆیەدا لە لایەن حەمە ئاغای * کۆیەوە ئابڵوقە ئەدرێن کە سەرژمێریان 11 کەس دەبوون لە شێخ مەحمود و هاوڕێکانی، بەڵام خۆشبەختانە بە هۆی پیاو چاکانی کۆیەوە لەو گۆڵمەزە ڕزگاریان دە بێتو دەگەنەوە سلێمانی.

لە کاتی عەمرەکەی شێخ سەعید و شێخ مستەفای نەقیبدا لەوێ لە مەککە شێخ مستەفا نەقیب کۆچی دوایی دەکات و لەوێ دەینێژن، شێخ سەعید لەم سەفەرەیدا ماوەی دوو ساڵی پێدەچێ تا دەگەرێتەوە سلێمانی. مردنی شێخ مستەفا کارێکی ڕۆحی دەکاتە سەر شێخ سەعید و ماوەیەکی زۆر پێوەی ئەتلێتەوە لە گەڕانەوەشیدا بۆ سلێمانی جافەکان زیاتر لێیان ئەچن بە قیندا شەڕ و ئاژاوەی زیاتریان بۆ ئەنێنەوە تا لە سلێمانی وەدەریان بنێن. گەنجانی شێخان لێرەدا زیاتر ڕقی دوژمنەکانیان بەرز دەکەنەوە بەوەی کە سوڵتان عەبدولعزیز بەو شێوەیە بەرەو پیریان چوو، لە شاری سلێمانیدا کەمێك زیاتر گاز و گزاف بەسەر خەڵکیدا لێ ئەدەن، ماوەیەکی درێژ نابات کە مەحمود پاشای جاف پلانەکانی خۆی پەیرە و ئەکا کە چۆن لە ژێرەوە لەگەڵ کۆمەڵی * ئیتحادی و تەرەقی * دا ڕێك کەوتووە بۆ وەدەرنانی بنەماڵەی شێخان لە سلێمانیدا .متەسەرفی سلێمانی و مەحمود پاشای جاف پلانێك ڕێك ئەخەن بۆ هەڵگێڕانەوەی پیاوەکانی شێخ سەعید بە تایبەت * میرزا غەفور * کە نزیکترین کەس بووە لە شێخ سەعیدەوە، بە هۆی میرزا غەفورەوە مۆرەکەی شێخیان دەست ئەکەوێ و تەلەگرافێك ئەکەن بۆ والی موسڵ بە ناوی شێخ سەعیدەوە، لە تەلەگرافەکەدا ئەنووسن کە پێویستە والی موسڵ فریای شێخ سەعید بکەوێ ڕزگاری بکات لەدەست کێشەی جافەکان و بیگوێزێتەوە بۆ شاری موسڵ، پاش ماوەیەك ئێستر سوار دێن بە شوێن شێخدا و لەگەڵ خۆیان بنەو بارگەی دەگوێزنەوە بۆ موسڵ ، شێخ سەعید بەم کارە سەری سوڕدەمێنێ چونکە ئاگای لە هیچ نییە پاشان تەلەگرافەکەی خۆی نیشان دەدەن بە ئیمزای خۆی نوسراوە هیچ قسەی پێنامێنێ، ئەمە بۆ جاری دووهەمە شێخ سەعید دوور بخرێتەوە بۆ موسڵ. کە کاتێ شێخ دەگاتە موسڵ خانوویەکی گەورەیان بۆ ئامادەکردوون کە هەموو پێکەوە لەو خانووەدا ئەژین شێخ تەواو حەپەساوە نازانێ چ پلانی

لەناو بردنێکی وابە دواوە  ڕۆژێك بە هاوکاری * ڕەزا دەباغ *  بۆ قسە کردن لەگەڵ والی موسڵدا لەماڵ وەدەر دەکەوێ بەرە و سەرای موسڵ دەڕوات کە ڕێکەوت دووهەم ڕۆژی جەژن بووە لە ساڵی 1908 دا لە بەردەمی سەرای موسڵدا  ڕادەوەستێ بچێتە ژوورەوە بەڵام دەرگای لێناکەوە لەبەر دەمی سەرای موسڵدا بە چاوەڕوانییەوە جێیدەهێڵن لە ناکاو پیاوێك لە دواوە بەردێکی زل ئەدا بەسەری شێخ سەعیدا و گیانی بەخت ئەکا و ڕەزا دەباغیش گوللە باران دەکەن ، لەماڵەوە  شێخ ئەحمەد و شێخ محەمەدی شێخ عەزیز ئەکوژن  بە ڕێکەوت شێخ مەحمود لەبازاڕ ئەبێ لەگەڵ چەند کەسانێکی تردا لە دوکانێکدا ئەیشارنەوە ، پیاوانی * سوارەی حەمیدیە * کونو قوژبنی موسڵ بە دوای شێخ مەحمودا ئەگەڕێن نایدۆزنەوە ، ماوەیەك بە حەشارگەیی لە موسڵ ئەمێنێتەوە ، چەند ڕۆژێکیش لەماڵی خزم و کەسوکارانی کەریمی ئەلەکە حەشار دەدرێ. کێشەی ئەم کارەساتە لە موسڵدا لە لایەن ئەو  هێستر سوارانەوە کە زۆربەیان بە جلی سەربازی و بە جلی کوردییەوە دەهاتن و دەچوون گێچەڵەکەیان گەرمتر کردبوو، کە هەواڵ دەگاتە گوێی عەشایەرە کوردییەکان لە سلێمانی و لە کەرکوکەوە جەختێکی زۆر دەخەنە سەر والی موسڵ کە ئەگەر بێتو شێخ مەحمود بە بێوەیی نەگەرێنێتەوە بۆ سلێمانی ئەوا ناچار دەبن بە شەڕ موسڵ داگیر بکەن، دەستەڵات دارانی عوسمانی دەست بەجێ بە تەنگ هەڕەشەی عەشایەرە کوردییەکانەوە دەچن لەگەڵ هێزێکی سەربازی عوسمانیدا شێخ مەحمود بەرەو سلێمانی لە ڕێگای کەرکوکەوە بەڕێ دەکەن. کە شێخ دەگاتەوە ناوچەی کەرکوك سلێمانی ڕێزێکی زۆری لێدەگیرێ و خەڵك بە خۆشیەوە پێشوازی لێدەکەن، مەحمود پاشای جاف ڕۆلێکی کاریگەری هەبووە لەم کارەساتەدا بەرانبەر بە کوشتنی شێخ سەعید و لە ئەنجامی شەهید کردنی شێخ سەعیدا  3000 هەزار لیرەی حەمدییە لەلایەن بەڕێوەبەرانی ئیتحادی و تەرەقییەوە وەردەگرێ،

لێرەدا پەنجەی ڕەخنە دەخەینە سەر نەبوونی بنەمایەکی هاوکاری و تەبایی و پێکەوە ژیانی سەرەك عەشایەرە کوردییەکان نەبوونی بناغەیەکی گڕ لەخۆ بەردان لە پێناوی ئازادی بۆ کوردستان نەگ دەستەڵاتدارێتی بۆ دوژمنان، ئەم دیاردەیە لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا لە مێژە هەیە و سەدە بە سەدە و ساڵ بە ساڵ بە شێوەی میراتگری بۆ نەوەی نوێی گەلەکەمان ئەمێنێتەوە، هەر لە سەردەمی دەستەڵاتدارێتی* مادە* وە، کە * کواکسار * پاشای دەوڵەتی مادی گەورەی کورد دەستەڵاتدارێتی لە فەریبەرزی باوکی کوژراویەوە گرتە دەست، لە تۆڵەی خوێنی باوکی کواکسار بۆ هەتا هەتایی کۆتایی بە دەستەڵاتدارێتی  ئاشورییەکان هێنا لە ناوچەی دوو ڕووباردا * میسۆپۆتامیا * قەڵاکەی موسڵیشی لێ داگیر کردن و ناویان نا * نینە ئاوا * بە ناوی یەکێ لە جەنگاوەرە ژنەکانی ناو سوپای مادەوە کە ناوی * نینە* بوو، یەکەمین کەس دەبێ دەچێتە ناو قەڵای ئاشورییەکانەوە و دەرگا لە ڕووی سوپای ماد  دەکاتەوە بۆ هاتنە ژوورەوەیان، دوای شکانی ئاشورییەکان کواکسار شارەکە پێشکەشی نینە دەکات قەڵای ئاشورییەکان سەر لە نوێ دروست دەکەنەوە ناوی دەنێن * نینە ئاوا * کە ئیمرۆ بە نەینەوا ناسراوە. دوای کواکسار ئازیدەباك * ی کوڕی دەستەڵاتدارێتی وەردەگرێ، چونکە لە سەردەمی ئازیدەباکدا ئاژاوە نەماوە دەوڵەت زیاتر  خەریکی ئارەزووی ڕابواردن و ئاهەنگ  گێران دەبن، بە تایبەت ئازیدەباك  دڵی زۆر خەڵکی و کاربەدەستانی دەوڵەت لە خۆی دەڕەنجێنێ، بە تایبەت * ئارباك * ی شالیاری خۆی، ئارباك دەکەوێتە پلان بۆ ڕووخانی ئازیدەباك پەیوەندی بە  کۆرشی گەورەوە دەکات هەمان کات کۆرشی کوڕی کامبوزی عیلامیان ئاگادار  کرد کە سوپاکەی نزیك لە * ئاکپاتان * بکاتەوە، بەم شێوەیە ئازیدەباك ئاگاداردەکەنەوە کە کۆرش پەلاماری خاکی مادی داوە، دەست بە جێ ئارباك بە لە شکرەوە دەنێرێتە سەریان بەڵام ئارباك ڕاست و دروست دەچێتە ناو سوپای کۆرشەوە، بەم هەواڵە ئازیدەباك شێت گیر دەبێ ئەم جارە خۆی  سوپایەك دروست دەکاو دەچێ بە گژ کۆرشا بەڵام لە گەڵ یەکەم هێرشیدا دەشکێ و هەڵدێ، بەم شێوەیە دەستەڵاتداری لە دەوڵەتی مادا لەکوردەوە دەگوێزرێتەوە بۆ فارس، چی دەبوو ئەگەر ئارباك خۆی ئازیدەباکی دەر بکردایە و دەستەڵات هەر لە ژێر ڕکێفی کوردا بوایە؟! بەڵام بەد بەختی کورد هەر لەو سەردەمەوە درکی  پێدەکرێ کە ئێمەی کورد هەر خۆمان پەنجەی خۆمان شکاندووە و لە ژێر ڕکێفی بێگانەدا بۆ ئەوان کارمان کردووە. مەبەستی سەرەکی من لەم نمونەیەدا تەنها ئەوەیە کە هەرزەکاران و لاوانی کورد هەرگیز ئەو ڕێگایە نەگرنە بەر کە ئێمە و باو باپیرانیانی پێدا ڕۆیشتوون جگە لەوەی دەبنە جۆگە و ئاوەڕۆی خوێنی یەکتر هیچ سودێکی تری بۆ خاکی کوردستان تێدا نییە، هەوڵ بدەن هەرگیز فێری لە خۆ بایی بوون و دەمار گیری بیر و باوەڕ و دەستەڵاتدارێتی نەبن، لە پێناوی ئەم خاکەدا

هەموو كات ئامادەبن گیانی لێبوردن و پێكەوە ژیانیان هەبێ، نەبنە كلكی تەوری دەستی دوژمن و بەژنی درەختی خەباتی یەكتر ببڕنەوە. لێرەدا وەك پێشەیەكی هاوار سوتاوی چەندین ساڵەی دڵسۆزانی ئەم خاك و ئاوە بۆ جارێكی تر دیلێمەوە: **لاوی كوردم خۆت نەكەیتە داری دەستی دوژمنت، دوژمنت نەتباتە مەیدان بۆ برای خۆ كوشتنت**. لە سەردەمی شۆڕشەكەی شێخ مەحمودی قارەماندا هەمان شێوە لە نەگبەتی كورد شێخیش بەر لێشاوی خیانەتی دەرو پشتی كەوتووە و بە ئاسانی بۆی نەچۆتە سەر كە بتوانێ ئەو كۆنە قینەی دڵی جافەكان لە پلانی دوژمن خاڵی بكاتەوە، كە بتوانن هەموو پێكرا لە ژێر ساباتی دەستەڵاتدارێتی شێخدا وەكو برا بژین.
دەربارەی لەدایك بوونی شێخ مەحمود بیرو ڕای جیاواز هەیە، نوری <حبزبوز> و شێخ محەمەدی خاڵ و قونسڵی بریتانی لە موسڵ هەر یەكەیان بە جۆرێك باسی لەدایك بوونی شێخ دەكەن، بە ساڵی 1884 و 1883 و، بە داخەوە ناتوانرێ بە ئاسانی بڕیار لە سەر ساڵێكیان بدرێ، شێخ مەحمود لە تەمەنی شەش و حەوت ساڵیدا لای مامۆستای تایبەت خوێندوویەتی وانەی قورئان و هەندێ پەرتوكی تری خوێندووە لە قوتابخانەی ڕشدی كە ئەوسا هەر ئەو قوتابخانەیە هەبووە لە سلێمانی. شێخ مەحمود دوو ژنی هێناوە ژنی یەكەمی بەهیەخانی كچی * ئەمینی عەتار * بوو كە پێشتر ژنی مامە مستەفای نەقیبی بوو، دوای مەرگی مامی لە مەككە شێخ مەحمود بەهیەخان مارە دەكاتەوە، ژنی دووهەم ئایشەخانی كچی مامە شێخ مارفی بووە، هەمان شێوە ئایشەخان لە پێشدا ژنی شێخ ئەحمەدی برای بووە، لە كارەساتەكەی موسڵدا كە شێخ ئەحمەد ئەكوژرێ شێخ مەحمود ئایشەخان مارە دەكاتەوە.
ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستی سەرەكیمانە بوارە نیشتمان پەروەرییەكانی شێخ مەحمودە و ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە دەرهەق بە هەوڵ و تەقەلاكانی شێخ مەحمود بۆ وەدەر پەراندنی دەوڵەتی عوسمانی لە خاكی باشوری كوردستاندا و پاشانیش هاتنی ئینگلیز هەر لە ساڵی 1918 وە كە پرۆژەیەكی درێژ و بەردەوامی بۆ خاكی كوردستان دارشتبوو كە بەردەوام باری شانی شێخ مەحمودی گرانتر دەكرد، ئینگلیزەكان لە مێژ بوو چاوی برسیان بریبوە خاكی كوردستان پشكێنەرو سیخوڕی خۆیان بە ساڵەهای ساڵ لە كوردستاندا بڵاو كردبۆوە كە فریشتەكەیان * مێجەرسۆن * بوو ، هەر لە ساڵی 1909 وە جێگە پێی خۆی لە كوردستاندا كردبۆوە، لە شاری سلێمانیدا بە ناوی * حاجی میرزا حسینی غلامی شیرازی * خۆی ناساندووە، كە چەندین درۆ و دەلەسەی بەراپۆرت لە سەر كورد بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا نوسیوە، كە كوردەكان بە زۆر خەڵكی كریست و جولەكەیان بە ئیسلام كردووە، كە كوردەكان گەلێكی ئیسلامی فەناتیكە و ڕادیكاڵن، بەرانبەر بەمەش سەرژمێری كوردەكانی سلێمانی تەنها بە *800* ماڵی كورد نوسی بوو. ئینگلیز زۆر بە هێمنی پلانەكانی خۆی لە كوردستاندا دەخستە گەڕ، بەڵام لە پەیرەویشدا بێ ئەندازە توند ڕەو و درندەبوو. با بزانین ئەم والیایەتییەی ئیسلام كە چەندین سەدە و ساڵ وەك مۆرانە دابوویە بەژنی درەختی نەتەوەیی بوونی كورد، لە قۆناغەكانی گۆڕانی كۆمەڵ و شارستانیەت و سیاسەتدا دوارۆژی كوردی بەچی گەیاندووە و ئێستاش بەردەوام بەرەو كوێی دەبات؟! توركە ڕەگەز پەرستەكان هەر لە سەرەتای دروست بوونی ئیتحادی و تەرەقییەوە بیری دروست بوونی توركیایەكی كۆمارییان كردبۆوە، ئینگلیزیش پلانی دروست بوونی عێراقێكی مەلەكیان لە نێوەندی دوو ڕووباردا * میسۆپۆتامیا * دانابوو كە باشوری كوردستانیش بە زۆر بلكێنن بەم وڵاتە تازەیەوە. لە سەرەتای دروست بوونی شەڕی جیهانی یەكەمەوە كە ئینگلیزەكان لە كەنداوی عەرەبی لە ناوچەی * فاو * نزیك بوونەوە، دەوڵەتی عوسمانی شێخ مەحمود دەنێرێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی لەشكری ئینگلیز كە لەو سەردەمەدا هەر یەك بە جۆرێ ژمارەی لەشكرەكەی شێخیان هەڵسەنگادووە، مامۆستا ڕەفیق حیلمی بە 1000 كەس و نوسەری كتێبی عێراق * عبدالرزاق حسین * بە 1500 كەس و بەڵگەنامەی ئینگلیزەكانیش لە 15.04.1920 دا بە 3000 كەسیان نوسیوە. شێخ مەحمود لە شەڕی * شعێبەدا * لە نیسانی 1915 دا بەشداری كردووە و ژمارەیەكی زۆر لە سەربازەكانی كوژراون و كۆمەڵێكی زۆریش بریندار دەبن كە شێخ مەحمود خۆی یەكێ دەبێ لەوانە لەگەڵ سەید ئەحمەدی خانەقادا. لە شەڕی شعێبەدا عەرەبەكان دەڵێن با نەهێڵین شێخ مەحمود بگەڕێتەوە بۆ كورستان تا ئەگەر كوژرا لێرە بینێژین گۆڕەكەی بكەین بە مەرقەد بۆ زیارەت كردن.
ئینگلیزەكان بڕیاری داگیركردنی كوردستانیان بە سەركردایەتی * جەنراڵ مارشاڵ * پێسپێررا، لەشكرەكەیان لەبغدادەوە بەرەو كركوك كەوتە ڕێ و لە 17.05.1918 دا كركوكیان داگیركرد بەڵام لە

27.05.1918 دا بە پلانێکی سەربازی بۆ ماوەیەك چۆڵیان کرد بۆ تورکەکان و پاش ماوەیەکی کورت داگیریان کردەوە.
بە پێویستی دەزانم بەرلەوەی بچینە قۆناغی شۆڕشەکەی شێخ مەحمودی قارەمانەوە کورتە باسێکی هەوڵ و تەقەلاکانی ڕۆشنبیران و نیشتمان پەروەرانی نیوەی یەکەمی نۆسەد و دەیەکان تا سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە ڕوسیادا بکەین. کۆششەکانی شێخەکانی نەهری کە یەکەمینیان لە * شێخ عبیداللە نەهرییەوە * دەست پێدەکا دژی ڕژێمی ئێران لە ساڵی 1880 دا لە ناوچەی واندا کە چۆن ئینگلیز و ڕوس و تورك دەبنە برای گیانی و پێکەوە هاوبەشی لەناو بردنی شۆڕشەکەی شێخ ئەدەن، پاش شکانی شۆڕشەکەی ڕوو دەکاتە تورکیا و لەوێ وەك دەست بەسەرێك دائەنرێ. تەقەلاکانی * ئیسماعیل ئاغای شوکاك سمکۆ * سەید تەها و سەید عبداللە ڕۆڵە کاریگەریەکانی * عبدالرزاق بدرخان *

عبدالرزاق بدرخان یەکێکە لەو کوردە قارەمان و ڕووناکبیرانەیە کە هەموو کات و سەردەمێ جێگەی ئەوەیە باسی بکرێ و شانازی پێوە بکرێ، زۆر زرنگانە و وریایانە کارو باری سیاسی کوردی لە ناسکترین و دژوارترین هەل و مەرجا ڕاگرتبوو، عبدالرزاق لە سەردەمانێکا داوا لە ڕووسەکان دەکات ڕۆژهەڵات ناسی ناوداری ڕوسی * ئا. ئوربیلی * بنێرن بۆ کوردستان بۆ دانانی ڕێزمان و فەرهەنگی کوردی و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ڕووسی. کاتێك ئا. ئوربیلی دێتە کوردستان و چاوی بە عبدالرزاق دەکەوێ بەم شێوەیە نیشتمان پەروەری کورد عبدالرزاق لە گەڵ * ئا. ئوربیلی * دەدوێ.
* هەرگیز ئەوە لە یاد ناکەم کە میللەتەکەم لە کۆت و زنجیری زۆرداری عوسمانی و قاجاری دایە، هیوا و ئاوات و ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە گەل و وڵاتمان لە کۆت و زنجیری زۆردار و بێگانەی داگیر کەر ڕزگار بکەین. جا بۆ بە دیهێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزەش گەلەکەمان پێویستییەکی زۆری بە خوێندەواری هەیە، کلیلی ئەمەش ڕەخساندنی هۆکانی فێربوون و خوێندەوارییە بۆ گەلی کورد، لە مەدا یارمەتیمان بدەن.
ئەگەر بە من و بە هەڤاڵانم ڕزگار نەکرا، خۆ هەر کارتێ کورد بوو بە خاوەن دەست و پێنووس و خوێندەواری خۆی، ئەوسا دەتوانێ بە خۆیدا بێتەوە و ئازادی خۆی بەدەست بهێنێ *. ئەم چاوپێکەوتنە لە یەکەم گۆڤاری چوار چرای ژمارە * 2 * ی یەکەم ساڵی 1986 دا لە وڵاتی سوید بڵاو کراوەتەوە، پاشان لە بەرگەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، دا نووسین و ئامادەکردنی مامۆستای بەڕێز و زانا * محەمەد ڕەسول هاوار * باسی دوور و درێژی لەسەر کردووە.
دەسا ئەی ڕابەران و سیاسەت مەندارانی کورد، ئەی خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد، ئەی پاڵە و ڕەنجدەرانی کورد، ئەی قوتابیان و مامۆستایانی کورد، ئەی کرێکاران و جوتیارانی کورد، ئیمرۆ خۆشبەختانە پەنجەی کامتان پێنوس ناگرێ؟ ئیمرۆ شانی کامتان تفەنگ ناگرێ؟ ئیمرۆ 88 ساڵ دوای ئەم خەمە ئیمرۆ 88 ساڵ دوای کوڵانی قوڵپەی خوێنی ئەم ئاسکە پڕ بارژنە، ئاورێ لە گریانی نوزە درێژمان بدەنەوە، ئاورێ لە مەرگی خۆڵەمێشی هەزاران ڕابەری ئەم خاك و ئاوە بدەنەوە، دەخیلتانم ئەی سەرانی کورد دەخیلتانم ڕابەرانی ئەم گەلە لە ئێوە زیاتر کەسی تر شك نابەین، ئەم خەمە نەکوژن ئەتان کوژێ، لە ساڵی 1914 دا دوای ئەوەی کۆمەڵێك هەوڵ و تەقەلای بێ وچان درا لە لایەن کوردەکانەوە بە هاریکاری ڕووسەکان داهاتێك بۆ کورد پێك بهێنن، بەڵام هەوڵەکانی ئینگلیز و تورك و ئەڵمان نەیان هێشت سەر بگرێ، نیشتمان پەروەرانی وەك عبدالرزاق بدرخان و ئیسماعیل ئاغای شکاك و شێخەکانی نەهری و سەید تەها سەید عبداللە لە ناو خۆیاندا ڕێککەوتن کە هەموو پێکەوە دەست لە ناو دەست داهاتێك بۆ کورد دروست بکەن، لە نەگبەتی کورد شۆڕشی ئۆکتۆبەری بەسەردا هات و هەموو پێکەوە گەڕانەوە بۆ تورکیا، عوسمانیەکان عبدالرزاق بدرخان دەگرن و ڕەوانەی موسڵی دەکەن بۆ بەردەمی دادگا، بەڵام پێش ئەوەی بگاتە موسڵ لە ڕێگا بە پلانێك دەیکوژن.
لە بارودۆخی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردا، بێگومان هەر یەکێك لە ڕابەرانی شۆڕشە کوردییەکان لە هەل و مەرجی سەردەمی خۆیاندا تووشی چەند دەردە سەرییەك بوون کە نەیان توانیوە بە پێی پێویست ڕەفتار لە گەڵ هەڵسەنگاندی تاکتیك و پرۆسەی بەردەوام بەرێوە چوونی خەبات بکەن، کە هاوکات هاووڵاتیانی کوردی تووشی نیگەرانی و بێ باوەڕی کردووە. هاوشان لێرەدا ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم ڕابەرانە دوژمن دۆست بوون یان خۆفرۆش بوون یان هەر تاوانێکی دیکەی تر کە ئیمرۆ بە سەر زارمانا بێت بیان خەینە پاڵیان، ئەوان هێندەیان توانیوە ئەوەی ئیمرۆ لەوان دڵسۆز ترە لەو باوەڕەدام کە

گەلی کورد بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە دوایان دەکەوێت و بەردەوام گیانی خۆیان لە نێو لەپی ئەم خاکەدا دائەنێنن، کاری دروست لێرەدا ئەوەیە هەرگیز بە پێی پێوانەی هۆشیاری ئیمڕۆ ڕەفتار لە گەڵ هەڵسەنگاندنی هەل و مەرجی سیاسی سەردەمانێ لەمەو بەر نەکەین. هەر یەکێ لە ڕابەرانی شۆڕشی کوردی ئەو سەردەمانە بگرین ئەگەر هەڵەشیان بوبێ سیمبوڵی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بوون، بگرە زۆرینەشیان تیرۆر کراون بە شێوەی نابەجێ و دڕندانە کوژراون، ئەگەر نەمانەوێ زۆر دوور بگەڕێینەوە دواوە ئەوە کراسێ لە دامێنی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود بدوورن، ئەوە قازی محەمەدی نەمر و قۆناغەکانی شۆڕشی کورد لە عەشایەر گەرێتییەوە بۆ پارتێکی بە پەیڕە و پرۆگرامی سەردەم و ئەوەش چاوی گریاوی مهاباد و مەرگی قازی، ئەوە تەقەلاکانی مستەفا بارزانی نەمر و یاوەرانی لە پارتی دیمکراتی کوردستاندا ، ئەوەش مەرگی بارزانی خۆی هەمان کات بە دەستی ئیستخباراتی عەسکەری عێراقی، ئەوە کڵپەی ئاگری شۆڕشێکی نێوی تری گەلەکەمان و گۆمی خوێنی ئەنوەر و جەعفەر و شەهاب، ئەوە خوێنی ئارام و چەندین ڕابەری سیاسی دیکەی تری گەلەکەمان، ئەم مرۆڤە پڕ سۆزی کوردایەتیانە ئەگەر هەڵەشیان بوبێ لە خەبات بێگومان بن بە دەیان قات بەسەردا سودیان بۆ کورد بووە، دوژمنانی گەلی کورد تۆوێکیان لە دڵمانا نەچاندووە کە ئێمەی کورد جگە لە سوکایەتی کردن بە یەکتر هیچی تر دەرهەق بە یەکتر نەڵێین، دوژمنانی کورد ئەم دەغڵی خەباتی کوردەیان وا نەکێڵاوە کە ئیمڕۆ وا بە ئاسانی بژار بکرێ و لە سوکایەتی کردن بە یەکتر ڕزگارمان بێ، ئەم دەغڵە هێندە پیس بووە ئەگەر بێتو بە سەدان ساڵ ئاوی برژێتە سەر هێشتا هەر لە نوکە پێنوسی دزێو و دەمی پیسی ناحەزان ڕزگاری نەبێ، ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 یەکێکە لە شکۆدار ترین یادی پیرۆزی ئەم گەلە کە پێویستە لە پیرۆزی باوەڕ و ئایندا تەماشا بکرێ، کە چۆن ئەم گەلە هەموو تێکڕا خوشك و برا ئاسا لە یەك سەنگەردا بەرەنگاری بەعسی فاشی عەفلەقی بوونەوە، کە چۆن سەربازە هەڵهاتووەکان بە پلەی یەکەم کە هەموو تێکڕا شارەزای بەکار هێنانی کۆمەڵێ چەك و تەقەمەنی بوون کە هەرگیز لە بەرەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا نەبووە، خوێندکار کرێکار مامۆستا دەست گێری شەقام و کۆڵانەکانی شارم، سەموون فرۆشەکان کە کون بە کونی ئەم خاکە شارەزابوون ڕێبەری پێشمەرگەیان دەکرد، کیژانی عاشقی شار و دایکانی جەرگ سوتاو، شوراکانی شار پێشمەرگەکانی ، ی ن ك، پ د ك،ح س ك ، پ س ك، ح ش ع، دیمکراتی ئێران کۆمەڵەی ئێران، هەموو پێکڕا چەپکێ گوڵی نێو گوڵدانی ئازادی خاکی کوردستان بووین. خۆزگە هەموو ڕۆژ و کات و سەردەمێ وا دەبوین، بەڵام مەخابن دەروازەی ڕاپەڕین چونکە ئەزمونێکی تازە بوو بۆ کورد، وامان دەزانی ئەم ئازادییە هەر بۆ ماوەیەکە و لەدەستمان دەچێ نەمان دەزانی چۆن ڕەفتاری پێوە بکەین هاتنی ریزەکانی جاش و خۆفرۆشان بۆ ناو هێزەکانی پێشمەرگە بڵندی وشەی پێشمەرگەی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا لاواز کرد، دەکرا لایەنەکان لەم خۆفرۆشانە ببورێن بەڵام هەرگیز نەدەکرا بیان خەنە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، ئەم کارە وای کرد پیاوانی دوژمن بەردەوام لە کار دابن بۆ دەوڵەتی عێراقی ئەم کارە وای کرد لە بری هەوڵ و تەقەلای ئەوە بدەین کە خۆمان لە خۆفرۆشان پاك بکەینەوە و پاك سازییەك لە لایەنە سیاسیەکاندا وەگەڕ بخەین هەستاین بەوەی خۆمان لە ناو خۆماندا سوك بکەین شکۆمەندی خەبات و ناوی پیرۆزی پێشمەرگە ترۆ بکەین. لە بری دژی جاش و پیاو خراپان بنوسین دژی ڕابەران و پێشمەرگە تۆفانێکی ڕق بووین و دامان ئەکرد، لە بری ئەوەی ئاڵایەك لە دڵی لادێ و شاخ و شاردا هەڵ بکەین کڵاو و جامانەکەی شێخ مەحمودمان لە بەر دەرکی سەرادا دا ئەگرت و بانگمان ئەکرد * خولە قۆپچە * و تۆپ تۆپێنمان بە کوڵە باڵەکەی بەری بارزانی ئەکرد، لە بری ئەوەی گیان فیدای ئاوەرۆکانی خوێنی شەهیدان بین و هەموو بە یەك دەم و بە یەك دەست بێڵی ئاوەدانی داهاتی ئەم خاکە بگرینە دەست، لە بری مەیدانی گولە باران کردنی ڕۆڵەکانی ئەم خاکە باخچەیەك بۆ منداڵانی بێ دایك و باوکی هەڵەبجە و ئەنفال و پەنایەك بۆ ئاوارەکانی دەروازەی ڕاپەڕین دروست بکەین کوردستان ناو دەنێین عەرشی کەلاوە و سەکردەکانیش بە عەلی بابا و ئاوایشی بە گێل و دەبەنگ. ئەو زایەڵانەی کە لە ئەوروپاوە دەهاتن گەنج و لاوانی بێ چارەی کوردیان وەك نەخۆش سەیر دەکرد تەنها لەبەر ئەوەی کە چەکی پێشمەرگایەتی بە شانیانەوە بوو، لە لای زۆرینەی کوردەکانی دەرەوەی وڵات کوردستان باخچەیەکی ئاژەڵان بوو بەڵام مرۆڤی تێدا دەژیا! کۆمەڵی کوردی هێشتا فێری ئەوە نەبووە شانازی بە کورد بوونی خۆیەوە بکات هێشتا فێری ئەوە نەبووە خاك و ئاو و نیشتمانی خۆی لە ئاینەکەی زۆر لەلا پیرۆز تر بێ، فێری ئەوە نەبووە کە چۆن بتوانین پێکەوە هەڵ بکەین من خۆیشم یەکێکم لەو کوردانە ئومێد

ئەکەم کە بتوانم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر گیانی تەبایی پەیڕە و بکەم کوردستانم لە هەموو شت خۆشتر بوێ تا لە ژیاندا بم بەردەوام بۆ کوردایەتی بسوتێم لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا بێ، هەرگیز ڕۆژێ لە ڕۆژان نەچمە ژێر فشاری بە دیهێنانی ئاواتەکانی دوژمنەوە شانازی بە هەموو ڕەوت و لایەنێکەوە بکەم کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دژی داگیر کەرانی ئەم خاکە خەباتیان کردبێ، وە ئێستاش بەردەوام هەموو ئەو پارتانەی کە بۆ کورد خەبات دەکەن لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا بە گشتی و لە باشوردا بە تایبەتی کە ئەزموونی بەڕێوە بردنی دەوڵەت و هەل و مەرجە ناهەموارەکانی دوای ڕاپەڕین چەند بە هەڵەیدا بردن و ساڵانێکی دوور و درێژ جۆگەلەی خوێنیان لە یەکتر دروست کرد، بەڵام هێشتا پێڵاوێکی شڕ و کۆنی پێی پێشمەرگەیەکی چ یەکێتی چ پارتی ناگۆڕمەوە بە هەموو نیشتمانی عەرەبی. ئەو کیشوەرە عەرەبیانەی چاوگەی تاوان و درندایەتی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و هەست و هۆشیاری سەردەم و مرۆڤایەتین، ئەو وڵاتە عەرەبیانەی لە دەرکەلانی جەرگ بڕی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەوە دەنگی خۆیان ئەدا بە ئەژدیهاکەی بغداد. لە دووشەممەی بەرواری 12.09.1988 دا لە هەواڵەکانی پەخشی عەرەبی لندن دا بڵاو کرایەوە کە مللك حسین پاشای ئۆردن پشتگیری سەرۆك سەدام دەکات لە چارەسەر کردنی کێشەی کوردەکاندا. لە 15.09.1988 دا وەزیری بەرگری عێراقی عدنان خیراللە ی گۆڕ بە گۆڕ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نوسی بەست لەگەڵ چەند ڕۆژنامە نوسێکی عێراقی و وڵاتە عەرەبیەکاندا گۆڕ بە گۆڕ بە ڕۆژنامە نوسەکانی ڕاگەیاندا کە حکومەتی عێراقی گازی کیمیاوی دژی کورد بە کار نەهێناوە ئەگەر بە کاریشی بهێنێ ئەوە شتێکی ئاساییە، چونکە بەکار هێنانی ئەم چەکە بۆ ڕاگرتنی ئاسایشی ناوخۆیە و هیچ وڵاتێکی بێگانە بۆی نییە دەست لە کارمان وەردا. هەڵوێست سەنگی مەحەکە ئەگەر بۆم دەلوا و بۆم دەکرا هەرچی لاپەڕەکانی قورئانە و هەرچی بەرماڵی بەر پێی دایکانی جەرگ سوتاوی وڵاتەکەم هەیە لە ژێر پێیانم ڕادەکێشا و دەمخستە سەر پشتی حوشترێکی شەل و ناقۆڵا ڕەوانەی مەککەم دەکردەوە، با چدی ئەوەمان لە بیر نەچێتەوە و ڕوونی بکەینەوە بۆ نەوەکانی دواڕۆژمان کە هەموو دەوڵەتە عەرەبیە ئیسلامیەکانی سەر ڕووی زەمین بە هیچ جۆرێك هەڵوێستیان بە رانبەر بە کورد نەبوو، هیچ وتەیان لە زار نەهاتە دەر و دڵی ناسکی سەدام حسین یان نە شکاند. کە گەلێکی هەژاری چەند ساڵ ژێر دەستەی وەکو کورد دەبێ قەلاچۆ بکرێ و لەناو ببرێ و لە ناو خاکی خۆیدا لە لایەن ڕژێمێکی فاشستی وەك حیزبی بەعسەوە بێ بەزەییانە دەکرێ قڕ و قاش بکرێ، کە ڕژێمی نازیستی هیتلەری لە ئاستیاندا شەرمەزار دەبێ. هەموو وڵاتە عەرەبیە ئیسلامیەکان کەڕ و لاڵ بوون لەم ڕۆژانەدا 25 دەوڵەتی زل و زەبەلاحی عەرەبی کە قسەی سەر زاریان هەموو دەم ئەوە بوو دەگوترا: الساکت عن الحق شیتان اخرس، ئەی کوا هەڵوێستتان؟ بۆ خۆتان کردە شەیتان ئەگەر شەیتان خۆتان نەبن؟! ئەی کوا وتە و پەیڕەوی قسەکانی خواتان کوا برایەتی خەڵکی موسڵمان کوا برا و برای ئیسلام؟! * انما المومنین اخوه * ئەی وتەی پێغەمبەرەکەتان * المسلم اخو المسلم * ؟! یان بەس بە تەنها العرب اخو العرب!
هەموو ئەو ڕژێمە عەرەبە ئیسلامیانە لە سەراتای دروست بوونی عێراقەوە ئاگاداری ئازار و ئەشکەنجەی گەلی کوردن بە دەست ڕژێمە یەك لە دووی یەك هاتووەکانی عێراقەوە، بەڵام هەموو کات گوێی خۆیان لێ کەڕ کردووە و چاوەکانیان لێ خەپ و خێل و کوێر کردووە، لە مانگی سێپتێمبەری 1988 دا لە مەککە کۆنگرەی گشتی ئیسلامی بەسترا بەڵام بە هیچ جۆرێ باسی ئازار و ئەشکەنجەکانی کورد و ماڵوێرانی نەکرا نە هەڵەبجە نە ئەنفال، دوو دڵ نیم لەوەی ئەگەر بڵێم لە ماڵی هەر یەکێك لە ئەندامانی ئەو کۆنگرەیەدا کە دانیشتووی سعودییە و کوەیت و قەتەر و ئیمارات بوون بە لانی کەم کیژێك یان بێوەژنێکی ئەنفالی تێدا بووە کە وەك کارەکەر ڕایان گرتبوون جا یان بە دیاری لە سەدامی ئەژدەهایان وەرگرتووە یان لە نۆکەرەکانی بەعسیان کڕیوە. شەرەف خانی بەدلیسی دەڵێ: سنور و کەوشەنە وڵاتی کوردان کە ناوی کوردستانە لە سەر لێواری دەریای هورمزە کە لە سەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە و دەست پێدەکا لە وێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێت هەتا مەلاتیە و مەرعش دەبڕێتەوە، وڵاتی فارس و عێراق و عەجەم ئازربایجان و ئەرمەنستانی بچکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە دەکەونە لای ئەو خەتەوە. عێراقی عەرەب و موسڵ و دیار بەکر دەبنە باشوری ئەو سنورە. جا کوردستانێکی وا گەورە کە شەهیدی کەڵی ئەم گەلە دکتۆر عبدالرحمن قاسملو دەڵێ: سنوری کوردستان بە تێکڕایی دەگاتە نزیکەی * 409650 * کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە، کە بە تەنها لە خاکی بریتانیا و هۆلاند و بەلجیکا و سویسرا و دانیمارك گەورە ترە، کە چی جێگەی خاوەنەکەی خۆی کە کوردە نابێتەوە، کورد وتەنی ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە!

سەیر نییە ئەگەر سەرنج لەوە وەربگرین کە مرۆڤی کورد لە هەموو باسێکی وەهادا چەندین جار لە باس لادەدا و چەند ئازارێکی تر ئێخەی ئەگرێ، منیش وەك هەریەکێ لە ئازار چەشتوانی کورد بێ بەش نەبووم لەم بوارەدا. چەند پێدا چوونەوەکم بە پێویست زانی بەر لە چوونە ناو شۆڕشەکەی شێخ مەحمودەوە دژی ئینگلیز.

لە پەیمانی سایکس بیکۆدا ڕۆژهەڵات ناسی ڕووس * مینۆڕسکی * بە شێخ مەحمود دەڵێ ئەچم بۆ ئێران کەباب خانە ئەکەمەوە نوێنەری خۆت بنێرە بۆ لام بۆ کرماشان گفتوگۆ بکەین، شێخ مەحمود بە خێرایی چەکدارەکانی کۆدەکاتەوە و ئەیان نێرێ بۆ سورداشت بۆ کۆبوونەوە، پاشان نوێنەری خۆی عبداللە ئاغای حاجی حەمە سەعید ئەنێرێ بۆ کرماشان بۆ لای مینۆڕسکی، لە کۆبوونەوەکەدا مینۆڕسکی بۆ عبداللە ئاغا ڕوون دەکاتەوە کە پەیمانی سایکس بیکۆ هەل و مەرجی خۆی گۆڕیوە و ئینگلیز موسڵی هەڵگرتووە بۆ خۆی، پێویستە کورد لە گەڵ ئینگلیز هەل و مەرجی سیاسی خۆی پەسەند بکات. لە پەیمانی سایکس بیکۆدا ئەگەر ڕووس دەست بەرداری باکوری کوردستان نەبوایە کە ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی تورکیاوە کە چۆن بۆ ڕووسیا دانرا بوو، ئەوا باری سیاسی جیۆپۆلیتیکی ناوچەکە دەرهەق بە کورد پێدەچوو وای لێ بەسەر نە هاتایە دەکرا ئینگلیز لە ترسی ئەوەی نەبوایە بە دراوسێی ڕووس کورستانی بکردایە بە سنورێك بۆ جیا کردنەوەی دەستەڵاتی خۆی و دەوڵەتێکی لێ جیابکردایەتەوە بۆ کوردەکان، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم ئارنۆڵد ویڵسن لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: لە مەڕ پرسیار کردنی بوونی کورد لە تورك و عەرەبی پرسیوە تورکەکان دەڵێن کوردەکان کۆچەرین و بە مەڕ وماڵاتەوە خەریکن هەستی نەتەوایەتیان نییە،

عەرەبەکان ئەڵێن کورد جوتیارن و تەنها بە هۆی سەرکردەکانیانەوە ئەکرێ کپ بکرێن، بێگومان ئینگلیز سودێکی گەلێ زۆری لم بۆچوونانە وەر گرتووە. لە نێوانی 10 بۆ 17 ی مایسی 1916 دا کە هێشتا جەنگی جیهانی یەکەم گەرمەی بوو دوو بلۆماتی ئینگلیز و فەرەنسی * مارك سایکس * لە گەڵ * جۆرج بیکۆ * دا نوێنەری فەرەنسی، پاش گفتوگۆیەکی درێژ خایەن ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی پەیمانەکە ناو بنێن پەیمانی سایکس بیکۆ. بۆ ڕازی کردنی ڕووسیای قەیسەری هەردوو نوێنەر دەچنە شاری * پترۆگراد * لە گەڵ قەیسەر ڕێدەکەون لە ئەنجامدا هەر سێ لا مۆریان کرد بەم ڕێککەوتنەی خوارەوە:

1ـ ولایەتی موسڵ بۆ فەرەنسە

2ـ باکوری کوردستان بۆ ڕووسیا

3ـ باشوری کوردستان و ناوچەی میسۆپۆتامیا بۆ ئینگلیز

کە ئینگلیز هەروا ئاسان موسڵ ئەدا بە فەرەنسا بە هۆی ئەوەوە بوو کە ئینگلیز نەیدەویست ببێتە دراوسێی ڕووس و سنوری دەستەڵاتی بەوانەوە بنوسێ، بەڵام کە شۆڕسی ئۆکتۆبەری بەسەردا هات سۆڤیەتی تازە دەستی لە کوردستان هەڵگرت و پەیمانی سایکس بیکۆی ئاشکرا کرد. بەم کارە ئینگلیز دەستی بە کارەکانیدا گێڕا و موسڵی لە ژێر دەستی فەرەنسا دەرهێنا بۆ خۆی.

لە هاتنی ئینگلیزدا بۆ کرکوك شێخ مەحمود بە پەلە نامەیەك بۆ مستەر ویڵسن ئەنوسێ کە بەڵێنی پێ بدەن دەوڵەتێکی کوردی لە باشوری کوردستاندا بۆ دابمەزرێنن ئەم تورك و لەشکری عوسمانی لە کوردستان وەدەر دەنێ، بەڵام کە ئینگلیز بە پلانێکی سەربازی کرکوك بۆ ماوەیەك بۆ تورك چۆڵ دەکات، نامەکەی شێخ مەحمود بە هۆی * عەبدوڵلا سافی * یەوە دەکەوێتە دەستی لەشکری عوسمانی، ئەوانیش فەرمان دەردەکەن بە پەلە و بێ کەمتەرخەمی شێخ مەحمود دەستگیر بکەن. لە سلێمانیدا ئەو سەردەمە * مستەفا بەگ * قائیمقامی سەربازی تورك بوو بە ناوی گفتوگۆوە دەنێرێ بە شوێن شێخ مەحمود دا و لە لای خۆی دەست بەستی دەکاو ڕەوانەی کرکوکی دەکات بۆ لێپرسینەوە. عوسمانلیەکان دەست بەجێ بڕیاری لە سێدارە دانی شێخ مەحمود ئەدەن، هەندێ لە سەرکردەکانی تری سوپای تورکی دەیان ویست لەم هێرشەی ئینگلیزدا بۆ سەر دەستەڵاتی عوسمانلی سود لە هێزی کوردەکان وەربگرن بۆیە کوشتنی شێخیان بە بەرژەوەندی تورك نەدەزانی، سەر لەشکری ئۆردوی عوسمانلی لە موسڵەوە ناردی بە شوێن شێخدا کە لە کرکوکەوە بیگوێزنەوە بۆ موسڵ، لەوێ * علی ئیحسان پاشا * میواندارییەکی باشی شێخ دەکات و ئاشتی دەکاتەوە و ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ سلێمانی پێ ئەدات، شێخ مەحمود لە تشرینی دووهەمی 1918 دا دەگاتەوە سلێمانی هەتا ناو سلێمانیش * عیزەت مدفەعی * لە گەڵ شێخ هاتبوو تا پەیوەندی لەشکری عوسمانلی و شێخ باش بکاتەوە.

پەلە قاژەی شێخ مەحمود لەم بێنەو بەردەیەی ئینگلیز و عوسمانلی دا باری شانی شێخی گەلێ قورس کردبوو، شێخ بە هیچ شێوەیەك هیوای بە تورك نەمابوو دەیزانی کە تورك ئێستا کوردی بەس بۆ بەرەکانی شەڕی ئینگلیز ئەوێ و توانای ئەوەی نەماوە دەستەڵاتی خۆی بە سەر ناوچەکانی کوردستاندا زاڵ بکات، هەموو ئەو بەڵێنانەشی کە تورك دەیدا بە کورد تەنها هەوای ناو سك بوو بە تەکانێکی ئینگلیز هەمووی بە با دەبوو. ئینگلیزیش هەر زوو ڕووی شاراوەی خۆی بۆ شێخ مەحمود ئاشکرا کرد بە ئاشکرا دەینواند کە ئەوان چۆن شێخ مەحمودیان دەوێ، تەنها لە ژێر مەرجەکانی ویڵسن دا کە بۆ شێخی دادەڕشت ئەوان دۆستی کورد بوون، لە بری * خدری زنگە * مێجەر سۆنی زنگەی بۆ کورد بە دیاری نارد ئەویش تا توانی ئارەقەی ڕەنج و ماندو بوونی ئەم گەلە و خوێنی ئەم گەلەی خواردەوە، شێخ مەحمود بە هیچ شێوەیەك نەچووە ژێر باری فەرمانەکانی ئینگلیزەوە شێخ مەحمود ئەو پیاوە نەبوو کە ئەوان بە دوایدا دەگەڕان، بۆیە بەردەوام ئاژاوەیان دەخستە بەردەم هەوڵەکانی شێخ. ئەوان دەمێك بوو بیریان لە دورست کردنی وڵاتێك کردبۆوە لە نێوانی دوو ڕووباردا کە باشوری کوردستانی پێوە بلکێنن و ناوی بنێن عێراق، کورد و شێخ مەحمودیش هەرگیز نەیان دەویست بچنە سەر نەخشەی تازەی عێراق، دەیان ویست دەوڵەتێکی سەر بەخۆی کوردیان هەبێ ئەمەش لە ویست و کردەی ئینگلیزدا نەبوو، ئەوان دەیان ویست * مستەر یەس * ێ لە شێخ مەحمود دروست بکەن کە هەرگیز بۆیان نەدەلوا بۆیە هەر لەو سەردەمەوە هەوڵیان داوە کە عەشایەرەکانی تر لە شێخ بکەنە دوژمن و بیکەن بە گژیا، کە ئینگلیز فریشتەیەکە و هاتووە کوردی لە ژێر چنگ و چەپۆکی تورك ڕزگار کردووە و ئەیەوێ داهاتێك بۆ کورد دروست بکات و بیانکات بە دەوڵەتێك بەڵام شێخ مەحمود نایەوێ کە گەلی کورد بە ئاواتی خۆی بگات و دژایەتی ئینگلیز دەکات، بێگومان خەڵکانێك هەبوون بەم زمان لوسییەی ئینگلیز خڵەتاون و فریودراون وەك موشیری حەمەی سلێمان هەمەوەندی کە تەنانەت لە شەڕی بازیانیشدا جێ پێی شێخ مەحمودی هەڵگرتووە، بابکر سەلیم ئاغای پشدەری، کە ئینگلیزەکان بە کاپتن بکر بانگیان دەکرد. هیچ سەیر و سەمەرە نیە کە هەتا ئیمڕۆش ئەو سیاسەتەی ئینگلیز بۆ سوکایەتی کردن بە شێخ و دوور خستنەوەی لە کۆمەڵی کوردان و ناسینی شێخ مەحمود بە کورد وەك پیاوێکی کەللە ڕەق و خۆ ویست، کە ئامادە نەبووە دەست بکاتە نێو دەستی ئینگلیزەوە بۆ پێك هێنانی دەوڵەتێکی کوردی، شێخ مەحمودیان بە پیاوێکی ئیسلامی فەناتیکە و ڕادیکاڵ ناو بردووە کە هەزاران بوختانیان بەدەمەوە کردووە کە مرۆڤی ژیر هەرگیز ناچێتە ژێر باری ئەو جۆرە فشارانەوە، وەك ئەوەی ئەگەر شێخ مەحمود نەبوایە ئەوا ئینگلیز کوردی دەکرد بە دەوڵەت وەیان کە شێخ مەحمود دەستی تەوقەی درێژ نەکردووە بۆ ئادمۆنز و نوێنەرەکانی تری ئینگلیز وەك مێجەر سۆنی فریشتەی دڵی کوردان و ویڵسنی ئاشتی خواز و فرایزەری ئەیوبی، یان بەوەی کە فەقیانەکانی لە دەستەوە پێچاوە بۆ تەوقەکردن لە گەڵیان، ئەمانە ئەو سەردەمانە زۆر کاریگەر بوون بۆ سەر لێشێوانی خەڵکی کورد تاکو بەشداری شۆڕشەکەی شێخ نەکەن و باوەڕی پێ نەهێنن. کە هەتاوەکو ئیمڕۆ هەر قسەی سەر زاری خەڵکانی نەفامن و گاڵتە جاڕی لاوی تازە پێ گەیشتوو بە تایبەت لە سلێمانی کە بەڵێن دەدەن بە یەك بۆ دیدەنێك دەڵێن ئێوارە لە بەردەمی وێنەکەی شێخ قۆپچەدا، ئەوەی زۆر سەرنج ڕاکێشترە دانیشتوانی هەولێر کە لە نێوانی 1995 بۆ 1996 بە هۆی توند و تیژی شەری دەستەو یەخەی ناو خۆوە هاتنە سلێمانی ئەوانیش فێری بەکار هێنانی خولە قۆپچە بوون بێ ئەوەی پێدا بچنەوە ئەم کەڵە پیاوە کێ بووە و بۆ ئیمڕۆ بووە بە خولە قۆپچە؟!

شێخ مەحمودی نەمر پاش ئەوەی لە ڕێگایەکی ترەوە توانی پەیوەندی بە ئینگلیزەوە بکات ئاگاداری کردنەوە ئەگەر ئینگلیز ئامادەیە بەوەی حکومڕانیەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا پێك بهێنێ ئەوا شێخ مەحمود ئامادەیە لەشکری عوسمانلی لە ناوچەی سلێمانی وەدەرنێ، شێخ مەحمود ئەیویست بە هەر شێوەیەك بێ لەم پەلەقاژەی لەناو چوونی نەخشەی کوردستانەدا هەر هیچ نەبێ باشوری کوردستان نەلکێنرێ بە میسۆپۆتامیاوە ئەو دەوڵەتە عەرەبیەی ئینگلیز نیازی دروست کردنی بوو لە ناوچەکەدا لە ژێر ناوی عێراق دا کوردستانی پێوە نەلکێ، ئینگلیز تا پێش ئەوەی بێنە ناو شاری سلێمانیەوە بەڵێنی زۆریان بە شێخ مەحمود و بە عەشایەرەکانی تری کورد دا، کە ویڵسن مێجەر نۆئێلی کردە ڕابەر سیاسی ئینگلیز لە ناوچەی سلێمانیدا مێجەر نۆئێل لەشکرەکەی لە کرکوکەوە بۆ سلێمانی دەخاتە ڕێ بەڵام لە سەرەتادا ئەچێتە گوندەکەی شێخ مەحمود لە * داریکەلی * تا لە ڕێگای شێخەوە ڕێگای بۆ خۆش بکرێ بێتە سلێمانی چونکە لەشکری عوسمانلی هێشتا لە سلێمانی مابوون مێجەر نۆئێل بوێری ئەوەی نەدەکرد

وا بە لەشکرێکی کەمەوە بێتە سلێمانی و تووشی شەڕی تورك بێ، کە هەواڵ گەیشتە سلێمانی بە گەیشتنی لەشکری ئینگلیز بۆ داریکەلی عەشایەرەکان و خەڵکی سلێمانی کەوتنە مقۆ مقۆ و کۆبوونەوە، ئەو لەشکرەی تورکیش کە لە سلێمانی مابوو ئەوانەی کە کورد بوون خێرا هاتنە دەر لە ناو سوپای تورکی و جلی کوردیان پۆشی و چەکەکانیان دانا، ئەوانەشی کە تورك بوون پەرتەوازە بوون، لەو ڕۆژەدا شێخ مەحمود کۆبوونەوەیەکی بە پیاو ماقوڵانی شار کرد و عەشایەرەکانی تریشی بانگ کرد کە کەسێك لە ناو خۆیاندا هەڵبژێرن بچن بۆ بەرەو پیرهاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی، ئەم کۆبوونەوەیە گێچەڵێك بۆ شێخ دروست دەکات چونکە هەندێ لە مەلاو شێخ و ئیسلامە وشکەکانی ناو شاری سلێمانی نەیان دەویست بچن بەرەو پیری ئینگلیزی کافرەوە عەشایەرەکانیش هەریەکەیان ئەیان ویست نێونەری خۆیان بڕوات بەرەو پیری ئینگلیز، شێخیش لێرەدا هیچ دەرفەتێکی دەرباز بوونی نەبوو لەم گێچەڵە پاشانیش ئەو سەردەمە خەڵکی کورد و عەشایەرەکان پێوانیان بۆ شێخ نەکردووە وەك ئیمڕۆ کە ئێمەی گەنج هەڵوێستی نەتەوایەتی شێخ هەڵ ئەسەنگێنین بەداخەوە هەندێك بە چاوێکی تر سەیری شێخیان کردووە. هەر چۆنێك بوو کۆمەڵێکی وڵاخ سواریان ساز کرد چوون بەرەو پیری مێجەر نۆئێل و لەشکرەکەیەوە، کە مێجەر نۆئێل دڵنیا بوو لە نەبوونی مەترسی پەلامار دان کەوتە ڕێ بۆ سلێمانی لە گەڵ ئەو کۆمەڵە کوردانەی کە دانرا بوون بۆ پێشوازیان، بەم شێوەیە ئینگلیز بە بێ تەقە هاتە شاری سلێمانیەوە و داگیری کرد، ئەو کۆمەڵە سەربازە تورکەی لە سلێمانی مابوون شێخ مەحمود کۆی کردنەوە و ڕەوانەی لای عەلی ئیحسان پاشای کردن لە موسڵ. ئینگلیز پێش هاتنی بۆ سلێمانی هەموو ڕەنگی پلانێکی خۆی ڕشتبوو بۆ بەرێوەبردنی سلێمانی، کاتێك ئارنۆلد ویڵسن بە مێجەر نۆئێل ئەڵێ ئەگەر زانیت شێخ دەست ئەدا بۆ مان ئەوا بیکە بە نوێنەری خۆمان لە سلێمانی پاشان لە عەشایەرەکانی تر بۆ هەڵەبجە و چەمچەماڵ چەند نوێنەرێکی تر دروست بکە، واتە مەبەستی ئینگلیز لێرەدا تەنها ئەوە بووە کە نەهێڵن جارێکی تر تورکەکان کۆنترۆڵیان بکەن بە ناوی غەزا و ئیسلامەوە بۆ خۆیان بەکاریان بهێنن دژی ئینگلیز، ئینگلیز کە دڵنیا بوو لەوەی کە تورکەکان توانای ئەوەیان نەماوە کوردەکان بەلای خۆیانا ڕابکێشن و هەڕەشەی شەڕی کوردیان لەسەر نەما دەستیان کرد بە گۆڕانی پلانەکانی خۆیان لە ناوچەی سلێمانی. سەرەتای هاتنی ئینگلیز بۆ سلێمانی لە ساڵی 1918 دا خەڵکی ناوچەی سلێمانی لە ژێر بارودۆخێکی زۆر گرانی برسیەتی و قات و قڕی دوای کارەساتەکانی جەنگی جیهانی بوون بە دەست دەوڵەتی عوسمانلییەوە، کە مێجەر نۆئێل دێتە سلێمانی بە چاوی خۆی کۆمەڵێ باری ناهەمواری ژیانی خەڵك ئەبینێ بە دەستی برسیەتیەوە خەڵکی بە بەرچاوی ئاواییەوە لەسەر گۆشەو قوژبنی شاردا لە برسا دەمردن، ئەم هەلە زێڕین بوو بۆ ئینگلیز و بۆ مێجەر نۆئێل دەست و برد هەڵوێست بەرانبەر برسیەتی خەڵکی شاری سلێمانی وەردەگرن و خواردەمەنییان بۆ ساز دەکەن، بەم جۆرە مێجەر نۆئێل ئێسکی خۆی لە سلێمانی سووك ئەکات و خۆشەویست ئەبێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێك هەبوو حەزیان بە چارەی نەدەکرد نەگ بەوەی کە هاتووە خاکی کورد داگیر بکات بەڵکو تەنها لە بەر ئەوەی مێجەر ئیسلام نییە و لە ژێر کاریگەرێتی دەوڵەتی عوسمانلیەوە ئەو وشکە سۆفی و مەلایانە گێچەڵیان بۆ شێخ دروست دەکرد، بەڵام شێخ مەحمود توانی بەسەریاندا زاڵ بێ و لە گەڵ مێجەر کارو باری سلێمانی بەرێوە بەرن. مێجەر نۆئێل ئەگەر وەك سەر زارەکیش دەری خست بێ ئەوا هەمیشە ڕێزێکی زۆر لە کورد گرتووە بە تایبەت لە گەڵ شێخ مەحمود دا گەلێك ئارەزوو خۆش بووە هەرگیز بە بێ پرسی شێخ لە سلێمانیدا هیچ کارێکی نەکردووە، مێجەر نۆئێل هەموو کات پشتگیری بۆ دروست بوونی دەوڵەتێکی کوردی پێش خستووە لە ناو شاری سلێمانیدا زۆر هیوایان پێی هەبووە، وەك * ئەحمەد تەقێ * لە یاداشتەکانیا نووسیویەتی، ئەڵێ: لە 27.11.1919 دا مێجەر نۆئێل بۆ دادوەری گشتی بەریتانیا ئارنۆلد ویڵسن نووسیویەتی ئەڵێ: 400 ساڵە کورد لە ژێر زەبر و زەنگی دەوڵەتی عوسمانلیدا ئەناڵێنێ هیچ نەماوە نەیکەن تا بوونیەتی ئەم گەلە نە فەوتێ و لە ناو نەچێ، داوا دەکات کە باوەڕ بە ویڵسن بهێنێ تا شێخ مەحمود نەگرن و دەوڵەتێکی بۆ پێك بهێنن، بەڵام ئینگلیز لە مێژ بووە بڕیاری پارچە پارچە کردنی کوردستانی دابوو بۆیە ئەو نامەیەی مێجەر نۆئێل هیچ کاری لە ئینگلیز نەکرد و پاشان داوای واز هێنانی لە کار و باری سیاسی ناوچەی سلێمانی لە ویڵسن کرد و ئەویش بە خۆشیەوە داواکەی وەرگرت و مێجەر سۆنی خستە جێگای. ئەمە پێ ئەچێ دڵ نەرمییەکی مێجەر نۆئێلی بەرانبەر بە کورد دەر خست بێ، بەڵام مێجەر نۆئل هەتا سەر ئێسقان داواکانی دادوەری گشتی بەریتانیای جێ بە جێ کردووە، وەك تێکدانی پەیوەندیەکانی نێوانی کوردەکانی باکور و

تورکە کەمالیەکان لە ساڵی 1919 دا کە گەشتێکی بە ناوی سەردانی کوردەکانی باکورەوە کرد بۆ ناو تورکیا توانی ئەو بەڵێنە هەڵ بوەشێنێ کە کەمالیەکان دابوویان بە کوردەکان دوای شەڕی یۆنانیەکان کە کوردەکان ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە بردنەوەی ئەو شەڕەدا، ئەوا دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد ڕێك بخەن. پاشان زانیارییەکی تەواوی لە سەر کوردە ناودارەکانی تورکیا کۆکردەوە وەکو کامەران بەدر خان و جەلادەت بەدر خان و ئەکرەمی جەمیل پاشای دیار بەکر و کوردەکانی زازا و قزڵباش، لە سەرێکی تریشەوە کوردەکانی هان ئەدا دژی دەوڵەتی کەمالی تورکی ڕاپەڕن و شەڕ بکەن واتە بە بەردێك توانی هەردوو چۆلەکەی کورد و تورك بکوژێ. کێشەی کار و باری شێخ مەحمود ئەوە بوو کە دەورووپشتی بە خەڵکی خۆویست و گێچەڵ چی تەنرا بوو کە بۆ سودی خۆیان ئاژاوەیان بۆ شێخ مەحمود دروست ئەکرد، وە شێخیش خۆی لە بواری سیاسەتدا هێندە شارەزا نەبووە تا بتوانێ لە گەڵ سیاسەتی ئینگلیزدا هەڵسوکەوت بکات، ئەمە ڕاستییەکە و نابێ بە ئەقڵ و هۆشی ئیمڕۆ پێوانەی بکەین. مێجەر نۆئێل زۆر هەوڵی ئەدا نێوانی شێخ مەحمود و ویڵسن خۆش بکات، بەڵام ویڵسن هەر لە سەرەتاوە حەزی بە چارەی شێخ مەحمود نەکردووە زانیوێتی شێخ مەحمود ئەو پیاوە نیە کە ئەو بۆی ئەگەڕێ، شێخ مەحمود پیاوێکی ئازا و چاو نەترس و کوردستانی بوو هەموو هەوڵ و تەقەلای لە پێناوی ئازادی کورد و دەوڵەتێکی کوردیدا بووە، ویڵسنیش کەسێکی ئەویست کە لە ژێر فەرمانی ئینگلیزدا هەڵسوکەوت بکات. ویڵسن هەر زۆر زوو هەموو پیاوە ڕۆشنبیرەکان و سەربازە پایەدارەکانی کورد لە سوپای عوسمانلیدا بە کێش کرد بۆ ناو سوپای عێراق نەگ بۆ لای شێخ مەحمود هەموویانی کردە دوژمنی شێخ مەحمود تا پێکەوە نەبنە دەستەڵاتێکی سەربازی دژی ئینگلیز وەکو * نوری سەعید، جەعفەر عەسکەری، جەمیل مەدفەعی، ساڵح زەکی ساحێبقڕان، ئەمین زەکی مێژوو نووس کە خۆی ئەفسەر بوو لە سوپای عوسمانلیدا، ئەمانەی هەموو لە شێخ مەحمود کرد بە دوژمنی باوك کوژە. ئینگلیز هەر جارەی بەشێکیان لە بەڕێوەبەراتیەکەی شێخ مەحمود ئەکردەوە و دەستەڵاتیان لێ کەم ئەکردەوە دوای ئەوەی تورکەکان ناوچەی کۆیەیان بە جێ هێشت لە نۆڤێمبەری ساڵی 1918 دا خەڵکی کۆیە تێلێگراف بۆ موسڵ ئەکەن بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز کە بێن بە پیری کۆیەوە لە 15 دیتسێمبەری هەمان ساڵدا نوێنەری ئینگلیز کاپتن * های * ئەگاتە کۆیە و لە لایەن خەڵکەوە پێشوازی لێدەکرێ. بەڵام پێش های * شێخ مەحمود نوێنەری دەوڵەتەکەی خۆی کەسێك بە ناوی * شێخ عوسمان * وە ئەنێرێ بۆ کۆیە بۆ قایمقامیەتی. کە هاو کات کۆیە، قەڵادزێ،ڕانیە، بەشێکن لە دەوڵەتەکەی شێخدا، عەشایەر و ئاغاکانی کۆیە وەك حوێزیەکان و غەفوریەکان لە ناو خۆیاندا نارێك بوون و ڕازی نەبوون لە ژێر فەرمانڕەوایەتی شێخدا بن، لە هاتنی مێجەر نۆئێلدا بۆ ناوچەی پشدەر بڕیار درا قەڵادزێ و ڕانیە بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی هەولێر لە ژێر دەستی شێخی دەر بهێنن لە 30.10.1918 دا بابەکر ئاغای پشدەریان کردە قائیمقامی ڕانیە کە بابەکر لە سەرەتاوە پیاوی خۆیان بووە و بە کاپتن بەکر بانگیان کردووە، حەمە ئاغای کۆیە لە لایەن کاپتن * های * یەوە ئەکرێ بە قائیمقامی کۆیە بە بیانوی ئەوەی حەمە ئاغای کۆیە و حوێزیەکان و عەشایەرەکانی تری وەك بڵباس بە شێخ مەحمود ڕازی نین. لە ڕاستیدا ناکۆکی شێخان و کۆیە و تاڵەبان لە سەردەمی شێخ سەعیدەوە هەبووە کاتی خۆیشی حەمە ئاغا نیازی کوشتنی شێخ مەحمود و هاوڕێکانی هەبووە کە لە مزگەوتەکەی کۆیەدا کە بۆ پشوو لایان دابوو لە گەڕانەوەیاندا لە موسڵ.

مێجەر نۆئێل نوێنەری دادوەری بەریتانیا لە ڕۆژی 1.11.1918 دا لە بەردەرکی سەرای سلێمانیدا ڕاسپاردەی ئارنۆڵد ویڵسن بۆ خەڵکی سلێمانی بە زمانی فارسی ئەخوێنێتەوە کە شێخ مەحمود لە لایەن بەڕێوەبەراتی ئینگلیزەوە ئەکرێ بە حوکمداری کوردستان، ویڵسن هەر لە سەرەتای هاتنی بۆ سلێمانی سەرنج و تێبینی خۆی بەرانبەر بە هەڵوێستی کوردەکان لە ناو خۆیاندا وەرگرت کە چۆن سەرەك عەشایەرەکانی تر دانوویان لەگەڵ شێخ مەحمود دا نەدەکولا و لە ژێرەوە ڕاپۆرتیان لە شێخ مەحمود ئەدا کە ڕازی نین بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود. پلانی ئینگلیز لە کوردستاندا و لە سلێمانیدا بە تایبەت پلانێکی درێژ خایەن و بەرنامە بۆ داڕێژراو بوو، سەرەتا بە بوژاندنەوەی باری برسیەتی و ناهەمواری هەژاری لە شاری سلێمانیدا کە بەهۆی دەستەڵاتداریێتی تورکەوە ناوچەکە ببووە کەلاوە و گۆڕستانێکی پڕ لاشەی خەڵکانی برسی سەر گۆڕەپان و شەقامەکانی شار، هەموو لاشە فووتێکراوەکانی کەلاوەکانی شار و ناو مزگەوتەکان شاردرانەوە، مێجەر نۆئێل بە پێی بڕیارەکانی ویڵسن پارەیەکی زۆری بەخشیەوە بە ناو خەڵك و سەرەك عەشایەرەکاندا و بە ناو بازرگانەکانی شاردا زیاتر بازاڕی کڕین و فرۆشتنی بۆ ساز

دەکردن، ژمارەی ئینگلیز هێندە زۆر نەبوون کە ئەگەر هاتوو عوسمانلیەکان هێرشیان هێنایەوە سەر ناوچەکە تا بتوانن دژیان بوەستن بۆیە بڕیاری دروست کردنی سوپایەکی مەشقداریان بۆ کوردەکان ساز کرد لە ژێر چاودێری مێجەر نۆئێل و شێخ مەحموددا، بێگومان سوپایەکی برسی و ماندووی دوای کارەساتەکانی دەستەڵاتی عوسمانلی بەسەر کوردا نەیدەتوانی بەرەنگاری هێرشێکی دڕندانەی تورك بێتەوە، بۆیە هەمدیسان پارەیەکی زۆر خرایە گەڕ بۆ پتەو کردنی ئەم سوپایە و تێر و تەسەل کردنی. ویڵسن دەیزانی هەر لە سەرەتاوە کە شێخ مەحمود ئەو پیاوە نیە کە چەند وەختە بۆی دەگەڕێ بۆیە هەردەم پارسەنگێکی بۆ بەرەنگار بوونەوەی دادەنا کە ئەویش عەشایەرەکانی تر بوون کە دانوویان لەگەڵ شێخدا نەدەکوڵا شان بەشانی ئەوانیش پارەدار و بازرگان و دەوڵەمەندەکانی شاری سلێمانی، ئەوانیش هەموو کات ئامادەبوون لەگەڵ ئینگلیز بن و بنەو بارگەی خۆیان بگوێزنەوە بۆ کرکوك و بەغداد. هەموو تەقەلای ئینگلیز ئەوە بوو چ کورد چ عەرەب بکاتە دوژمنی سەرەکی تورك تا جارێکی تر دەوڵەتی عوسمانلی بیر لە ولایەتی موسڵ بە هیچ جۆرێ نەکاتەوە. هەموو ئەو بەڵێنانەی ئینگلیز سەبارەت بە کورد هەموو قسەی سەر زار بوون و سابوون بوون و لە بنی پێی کوردی بێ ئاگا درا بوو، شێخ مەحمود نەیدەوست کرێگرتەی ئینگلیز بێ بەڵکو دەیویست دوا ڕۆژێ بۆ کورد لە ناوچەکەدا بەدەست بهێنێ دوور لە دەست تێوەردانی بێگانەوە، ڕاستە شێخ مەحمود هێندە شارەزای سیاسەت نەبووە بەڵام ڕۆشنبیران و پیاوە گەورە سەربازیەکانی کوردیش درێغیان نەکردووە لەوەی بینە هۆکار لەوەی ئەم کۆرپە ساوایەی بەختی کورد پێ نەگات و تەماشا بکەن کە چۆن دوژمنی بێ بەزەیی بە بەرچاویانەوە خوێنی ئەم خاکە ئەڕێژێ و ڕۆڵەکانی ئاوارەی ئەستەنبوڵ و هیندستان و بغداد ئەکات، سەرکردە و ڕۆشنبیرانی ئێستای گەلەکەمان گلەیی و ڕەخنەی ئەوە لە شێخ دەگرن کە نەشارەزای سیاسەت بووە و ڕاوێژکاری سیاسی نەبووە، بەڵام ئەگەر ڕۆشنبیرانی کورد ئەو سەردەمە نەیان ویستبێ پشتگیری دەوڵەتەکەی شێخ بکەن چ تاوانی شێخە ئەگەر سیاسی نەبووبێ و ڕاوێژکاری نەبووبێ؟! کە ڕۆشنبیرانی کورد پێیان خۆش بووبێ کار بۆ دەستەڵاتدارانی عوسمانلی و دام و دەزگاکەی سوپای عێراقی بکەن نەگ بۆ شێخ مەحمود چ تاوانێکی شێخی تێدایە؟ ئێمە هەموو بێ بەزەییانە ددانی ڕەقی ڕەخنەمان لە گۆشتی بێ تاوانی شێخ گیر کردووە بەڵام هیچ باسی ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە ناکەین کە بۆ پشتیان لە شێخ کردوو چوونە پاڵ ئینگلیز لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا بوونە کار بەدەست؟! ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحمود بوون بە پەنجەی دەست دە ژمێردران ئەمەش خۆی لە خۆیدا ڕێژەیەکی گەلێك کەم بوو وەك لە پێویست،

ئینگلیز ڕۆژ بە ڕۆژ هەڵسوکەوتی بەرانبەر حوکمڕانیەتەکەی شێخ مەحمود ئەگۆڕی هەر لە دەست هەڵگرتنی مێجەر نۆئێلەوە لە کار و باری سلێمانیدا دەست بەجێ مێجەر سۆنی خستە جێگەی، دام و دەزگاکانی ناو سلێمانی پڕ کرد لە هیندی و عەرەب و عەجەم ئەفغانی بە ناوی خزمەکات کار و چێشت لێنەرەوە، لە هەموو دەزگایەکیشدا نوێنەرێکی ئینگلیزی دانا بە ناوی وەرگێڕەوە لەگەڵ ئەمەشدا پیاوی خۆیان لە ناو کوردەکاندا ژمارەیان زیادی کردبوو، ڕۆژ لە دووی ڕۆژ دەستەلاتی شێخ مەحمودیان تەسك دەکردەوە، مێجەر سۆن هەوڵی دەدا شێخ مەحمود بکاتە نێو گێژاوێکی سیاسیەوە و کۆڵی پێدات و سەر بۆ بڕیارەکانی دانەونێ بەڵام خۆشبەختانە شێخ بەرلەوەی ناچار بکرێ ئەم زوو پەیوەندی بە دۆستەکانی خۆیەوە کردوو بانگی شۆڕشی دژی ئینگلیز دەرکرد کە لە شاری سلێمانی دەریان بکات، بۆ ئەم مەبەستە هۆزەکانی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند و هەباسی مەحمود ئاغای پشدەر و مەحمود خانی دزڵی و ئیسماعیل ئاغای شوکاك * سمکۆ * ئامادەی هاریکاری شێخ مەحمود بوون. لە ساڵی 1919 دا شێخ مەحمود ئاگری شۆڕشی دژی ئینگلیز خۆش کردبوو، ئینگلیز هەموو تەقەلایەکی لە گەڵ شێخدا بەکار هێنا سودی نەبوو دواهەمین کارتی ئینگلیز کە ڕای کێشا یەکێ لە سیخوڕەکانی خۆیان بوو کە فارسییەکی باشی دەزانی شێخی بانگ کرد بۆ * بکرە جۆ * لەوێ بە شێخی وت من ئێستا بە ناوی ئینگلیزەوە قسەت لەگەڵ ئەکەم دەست لە حوکمڕانیەتی هەڵ بگرە هەرچی موڵکەکانی میری هەیە هەمووی بۆ خۆت و ئەو موچەیەی کە وەریشی دەگری هەتا ئینگلیز لە عێراقدا بێ وەری دەگری، شێخ ئەم قسانە لە مێشکیا کۆدەکاتەوە و لە کۆبوونەوەیەکدا بە هاوڕێکانی دەڵێ ئینگلیز ئەم کارەیان لە گەڵ کردووم بە سێ دەنگ وەڵامی شێخ دەدەنەوە هەندێ دەڵێن دەست هەڵبگرە هەندێ دەڵێن شۆڕش بکە هەندێ دەڵێن دەست هەڵبگرە بەڵام بەرتیل لە ئینگلیز وەرمەگرە، لەم کۆبوونەوەیەدا عیزەت مەدفەعی هەڵوێست وەردەگرێ دەڵێ نابێ شێخ دەست لە کاری حوکمڕانی هەڵبگرێ دوایی شێخ دەبێتە بنێشتە خۆشەی سەرزەنشتی

خەڵکی ناو شار و دێ، شێخ مەحمود هەر لە بیری ئەو هیوایەدا ئەژیا کە سنوری کوردستان لە باشوردا لە خانەقینەوە بگاتە ناوچەی شەمزینان و لە شاخی حەمرینەوە کە ئەو کات * قەشقە * ی پێوتراوە بگاتە سنوری ئێران. بۆیە خۆیشی ڕازی نابێ بەوەی دەست لە کاری حوکمڕانی هەڵبگرێ دەنگی خۆی ئەخاتە پاڵ دەنگی کۆمەڵەکەی عیزەت مەدفەعی، هەمان کات خەڵکانێکی تر هەبوون کە زۆر هیوایان بە شێخ مەحمود هەبووە دواڕۆژێکیان بۆ پێك بهێنێ ئینگلیز دەیزانی کە شێخ مەحمود ڕۆژ بە ڕۆژ دەنگداری زیاد دەبێ بە تایبەت لە کرکوك و کفریدا هەمان شێوە خەڵکەکە هاواریان بۆ شێخ مەحمود ئەکرد ئەمە ترسێکی زۆری خستبۆ دڵی ئینگلیزەوە چونکە نەیدەویست بە هیچ جۆرێ کرکوك بچێتە ژێر ڕکێفی کورد و شێخ مەحمودەوە، دوای ئەوەی مەحمود خانی دزڵی ئەگاتە شاخی گۆیژە لە سلێمانی بۆ پشت گیری شێخ، مێجەر سۆن ڕاستەو خۆ هەست بە مەترسی دەکات بۆیە بیانوویەك ئەدۆزێتەوە بەرەو بەسرە کۆچ ئەکات بۆ هێنانی ژنەکەی، بەڵام ئەوانەی تر لە سلێمانی هەمووی لە لایەن شێخەوە دەست بەست ئەکرێن لەوانە مێجەر گرین هاوس، کاپتن دۆگلاس، کاپتن هۆلت، کاپتن ڕایت، مێجەر سانێڵس، شکۆفیل سارجن،کاپتن بۆند. ئینگلیز لێرەدا سیاسەتی تورك بەکار دەهێنێ هەمدیسان جافەکان دەبنەوە ئاگری بن کای بەختی کورد * کاپتن لیزی فرۆکەوان * کە یاریدەدەری دادوەری سیاسی ئینگلیز بووە لە هەڵەبجە دەکەوێتە پلان و تەگبیر لە گەڵ جافەکاندا دژی شێخ، جافەکان هێندە باوەڕیان بە لیز هەبووە تەنانەت ژیانیشی لە مردن ڕزگار ئەکەرێ لە لایەن * خانمی ژنی وەسمان پاشاوە * ڕەوانە ئەکرێ بۆ خانەقین لەو ڕۆژەوە خانمی وەسمان پاشا ناونرا * بەهادرۆ خان * کاتێك کە * سدقی فاتە شەل * کە همزەی پەیوەندیان پێ دەگوت گوێزرایەوە بۆ هەڵەبجە تا هێندە دۆستایەتی لە گەڵ شێخ خۆش نەکات، زۆری پێ ناچێ هەر لە هەڵبجە بە دەستی * عەلی بەگ ڕیشێن * ئەکوژرێ، بێگومان بە فەرمانی مێجەر سۆن و لیز خۆی، چونکە ئاشکرا ببوو کە سدقی نیازی گرتنی لیزی هەبووە و ڕەوانەکردنی بۆ لای مەحمود خانی دزڵی، دوای چەندین ساڵ لە ناوەڕاستی پەنجا کاندا عەلی بەگ هەر لەلایەن دەزگای سیخوڕی ئینگلیزەوە ئەکوژرێ و کوشتنەکەشی ئەکرێتە نێوان ناکۆکی دوژمنایەتی.

هەڵگەڕانەوە یاخود بەرەو پێش چوونی هەنگاوەکانی ئینگلیز لە کوردستاندا بەرەو قۆناغی زۆرەملێیی بە تایبەت لە لایەن دادوەری سیاسی ئینگلیزەوە لە سلێمانی مێجەر سۆن و بێڵ و گرین هاوس و لیزی فرۆکەوان لە هەڵەبجە، مێجەر سۆن بەر لەوەی بێتە سلێمانیەوە بە چەندین ساڵ لەسەر کورد خوێندویەتی تەنانەت زمانی فارسی و کوردی بێ لەق و پەق زانیوە توانایەکی باشی وەرگێڕان و نووسینی هەبووە هەتا سەر ئێسقان دڵ ڕەق و خۆپەرست و دوژمنی کورد بووە هەتا توانیبێتی لووت بەرز بووە بەرانبەر بە کورد، هەر لە ساڵی 1909 وە کە بەناوی میرزا حسین غڵامی شیرازی هاتبۆ سلێمانی و سەردانی جافەکانی کردبوو بە ناوی پیاوێکی بازرگانی فارسەوە ڕەفتاری لە گەڵ خەڵکیدا دەکرد، هەر لەو کاتەوە لووت بەرز بووە لەگەڵ کوردا، مێجەر سۆن لە ساڵی 1905 دا لە شیراز بووە پاشان خۆی کردووە بە ئیسلامی شیعە و کچێکی فارسی شیرازیشی خواستووە، دوای ئەوە ئەکرێ بە بەڕێوەبەری بانکی کرماشان لەوێ دەست دەکات بە فێر بوونی زمانی کوردی ساڵی 1907 واز لە کارکردن دێنێ و دەست دەکات بە گەڕان. عوسمانیەکان لە سەرەتای جەنگی جیهانی یەکەمدا ماوەیەك مێجەر دەگرن دوای بەر بوونی لە تەموزی هەمان ساڵدا لە دیزەفول دەکرێ بە ئەفسەری سیاسی ئینگلیز. ئەدمۆنز * ئەفسەری سیاسی ئینگلیز لە یاداشتەکانیا باسی مێجەر دەکات و دەڵێ: مێجەر ئینگلیز نییە و بگرە قەرەجی * جیبسی * بووە لە ناوچەی * وێڵز * ی بەریتانیادا ژیاوە و لە دایك بووە، لە دوای داگیر کردنی بەغداد ساڵی 1917 ئینگلیز مێجەر سۆن دەنێرێ بۆ خانەقین. ئینگلیز مێجەریان باش ناسیوە هەر بۆ ئەو مەبەستەش پەروەردەیان کردووە کە لە کوردستاندا دژایەتی شێخ مەحمودی پێبکەن بۆیە هەر زوو سەردەکەنە سەر مێجەر نۆئێل و کارو باری سلێمانی لێدەستێننەوە و ئەیدەنە دەست مێجەر سۆن، ئینگلیز سەرەتا سنوری دەستەڵاتی شێخ مەحمود لە دیالەوە تا ڕووباری زابی گەورە دەکێشن بە مەرجێ کوردەکان حکومداری شێخیان لا پەسەند بێ، بە هاتنی مێجەر سۆن ڕۆژ بە ڕۆژ دەستەڵاتی شێخ کەم دەکەنەوە لە هاتنی مێجەر سۆندا بۆ سلێمانی ساڵی 1919 شێخ مەحمود و عەشایەرەکانی تری ناچەکە دەچن بە پیر مێجەر سۆنەوە، کە مێجەر سۆن بە فرۆکە ئەنیشێتەوە دێت سڵا و لە عەشایەرەکان دەکات و دەستی تەوقەیان بۆ درێژ دەکات کە دەگاتە سەرەی شێخ مەحمود هیچ سڵاوی لێ ناکات و دەستی تەوقەشی بۆ درێژ ناکات، ئەم کارە دڵی شێخ ئەڕەنجێنێ و ڕاستەو خۆ شێخ ئەگەڕێتەوە بۆ ناو سلێمانی و

تێکڕای خەڵککە بە دوای شێخ مەحموددا دەڕۆن. مێجەر لە 1909 وە حەزی بە چارەی شێخ نەکردووە تەنانەت ئەو کەسانەشی کە لە 1909 دا ئازارێکی مێجەریان دابێ لە 1919 دا بە دەیان قات تۆڵەی لێکردوونەتەوە، لە وانە * سەید نوری نەقیب * کە کاتی خۆی هاوڕێی مێجەر سۆن بووە پێکەوە لە سلێمانی ئەو کات کە ناوی میرزا حسین غلامی شیرازی بوو بازرگانیان پێکەوە هەبووە لە مێجەر وابووە کە سەید نوری مرخی لە ژنەکەی خۆش کردووە بۆیە هەموو دەم دێتە ماڵی مێجەر، لە 1919 کە دەبێتە دادوەری سیاسی سلێمانی گۆمەزێ بۆ سەید نوری خۆش ئەکات و تووشی کۆمەڵێ سزای دەکات سەید نوری ناچار ئەبێ دێیەکی ئەفرۆشێ تا سزاکەی بدات بە مێجەر، پاشان لوت بەرزی مێجەر لە سنور دەرچوو بوو ماوەیەك وای کردبوو ببووە سەدام حسینی 1919 بە بەردەمی هەر دوکان و کۆلان و بازاڕێکدا بڕۆیشتایە دەبوایە هەرچی خەڵکی ئەو ناوە بووە لەبەری هەستایە ئەوەشی لەبەری هەڵ نەستایە بانگی دەکرد بۆ بنکەکەی خۆی و چی ناشرین بوایە پێی دەکرد و سزای دەدا، گۆڕانی دەستەڵات دارانی ئینگلیز بە ئاشکرا بە بەرچاوی خەڵکەوە دیار بوو نەگ تەنها لە سلێمانی بگرە لە زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستاندا ڕەنگی دابۆوە. بۆ نمونە *بێڵ * لە شاری کۆیەدا کرا بە جێگری دادوەری سیاسی ئینگلیز لە 1919 دا لەگەڵ مێجەر دێنە ناوچەکەوە کاتێك بێڵ گەڕانێك بە ناوچەی پشدەر و ڕانیەدا دەکات ماوەیەکی پێدەچێ دوای گەڕانەوەی * ئەحمەد نوری * دێتە لای داوای ئەو وەڵامەی لێدەکات کە بۆ شێخ مەحمودی نوسی بوو بکرێتە قایمقامی ڕانیە، بێڵ شێتگیر دەبێ و بە ئەحمەد نوری دەڵێ بە چ مافێ نامە بۆ شێخ دەنوسی تا بتکاتە قایمقام ئەوەی بتوانێ کەسێك بکات بە قایمقام ئێمەین و کەسی تر نا، ئەحمەد نوری دەڵێ ئەی گوایە ئێوە نەتان وت ئێمە کورد ڕزگار دەکەین و دەوڵەتێك بۆ ئێوە دروست دەکەین بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود، منیش شێخ مەحمودم بە سەرۆکی خۆم زانیوە و پاشان من و شێخ مەحمود هاوڕێی منداڵین لەو باوەڕەدام داواکەم ڕەت ناکاتەوە، دیسان بیانویەك ئەدۆزنەوە لێرەدا و نۆکەرێکی خۆیان لە ڕانیە دادەنێن بە قایمام، بێڵ پاش ماوەیەك ئەگوێزرێتەوە بۆ موسڵ بە دادوەری سیاسی موسڵ لە بادینداندا زەبر و زەنگێکی زۆر بەکار دێنێ دژی کوردەکان ڕۆژێك لە ناوچەی عەقرەدا لە گەڵ * سکۆت * ی یاریدەدەری لە 4 تشرینی دووهەمی ساڵی 1919 دا لە لایەن بارزانیەکانەوە بە سزای گەل دەگەیەنرێ پێشانی ئەدەن ڕێی زەبرو زەنگ لە کوێیە. ئینگلیز تا دەهات هار تر دەبوو بەرانبەر بە کورد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەستەڵاتی شێخ مەحمودیان کەم و تەسك دەکردەوە، لە ناوچەی کرکوکدا بە تایبەت هەموو عەشایەرەکانیان لێکرد، لە کفری * سەید ئەحمەدی خانەقا * و لە سەنگاو * شێخ قادری * گۆپ تەپە لە قادرکەرەم * شێخ عبدلکریمی قادرکەرەم، کە عبدلکریم هەر لە سەرەتاوە حەزی بە چارەی شێخ مەحمود نەکردووە، تەنانەت لە ساڵی 1932 تا 1941 بەردەوام ڕاپۆرتی دەنوسی بۆ ئینگلیز کە نەهێڵن شێخ مەحمود بگەڕێنرێتەوە بۆ سلێمانی، کە منداڵ بووم بیرم دێ دایکم هەر ئەوەنەم نەدەزانی هاوارێکی بۆ شێخ عبدلکریمی قادرکەرەم دەکرد یان دەچووە سەردانی تەکیەکەی، ئاخۆ دەبێ چەندین دایکی تری داماوی کورد دوای ئەم هۆشە نەفامیە کەوتبن، کە خەڵکانی جاش و خۆفرۆش بە هۆی ئاینی ئسلامەوە ناپاکیەکانی خۆیان شاردبێتەوە بگرە خۆشیان پیرۆز کردووە لە ناو کۆمەڵی کوردا، هیچ سەمەرە نییە لە سەر دەمی حیزبی بەعسیشدا هەمان قاوان بوو لێدەدرایەوە هەرچی شێخە پیرۆزەکانی ئیسلام بوو پێشی تانك و دەبابەکانی بەعس دەکەوتن و ڕەز و باخ و دێهاتی کوردستانیان کاول دەکرد، دەگ ڕوو ڕەشی لاپەڕەکانی مێژوو و بەرد بە بەردی ئەم خاکی کوردستانە بن.

لە هەموو کات و سەردەمێکدا دوژمنانی گەلەکەمان ئەوەیان بە ڕەوای مافی خۆیان زانیوە بە ویستی خۆیان ڕەفتار لە گەڵ کورد دا بکەن بە کوشتن بە قەلاچۆ کردن بە لە سێدارەدان بە کێبڵ و کارەبا و گازی خەردەل و کیمیاوی و سوکایەتی پێکردنی ڕاگەیاندن و پڕ کردنەوەی لاپەڕەی درۆ و دەلەسە بە ناوی مێژووی کوردەوە بە ناوی بوونیەتی کوردەوە، بە مافی ڕەوای خۆیان زانیوە لە کاتی لاوازبوونیاندا هاریکاری هەموو وڵاتە زۆردارەکانی هاوڕێیان وەربگرن، بۆ سەرکوت کردنەوەی جوڵانەوە ڕزگاری خوازەکانی کورد لە بەشێکی کوردستاندا بووبێت، نە تورك چارەی فارسی ویستووە نە عەرەب هی تورك و فارس بەڵام بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد هەموو برای گیانی بوون، هەمان شێوە ئینگلیز درێغی نەکردووە بۆ سەرکوت کردنی جوڵانەوە کوردییەکان، لە 1918 بۆ 1919 دا بە خوێنی سەری عوسمانلیەکان تینوو بوون بەڵام بۆ نە هێشتنی دروست بوونی حوکمڕانیەتێکی کوردی لە باکوردا بووە بە* لەیلا * ی عوسمانلی *مەجنون * .

ئەو ئاواتەی بە ساوایی خنکاند، کاتێك شێخ مەحمود هەست دەکات کە مێجەر سۆن لە سنوری خۆی زیاتر ڕەفتار بە رانبەر شێخ و حوکمڕانیەتەکەی دەکات، کە دەیویست شێخ مەحمود لە ناو کوردا سوك بکات و گاڵتەجاڕی پێ بکات، شێخی نەمر هەواڵ بۆ یاوەرەکانی دەنێرێ و دێن بە تەنگیەوە، مەحمود خانی دزڵی لە هەوارمانی تەختەوە بە خۆیو 300 پێشمەرگەوە دەگەنە دەمی گۆیژە، پێش ئەوەی مەحمود خان بگاتە گۆیژە مێجەر سۆن بە هەواڵەکە دەزانێ بە پەلە نامە بۆ شێخ دەنوسێ کە مەحمودخان نابێ لە 10 کەسی زیاتر لە گەڵ بێ کە دێتە ناو سلێمانیەوە، وە نابێ چەکدار بن دەبێ چەکەکانیان بدەن بە پۆلیس . شێخ مەحمود بەم نامەیە شێتگیر دەبێ زۆر، بێگومان ئەم نامەیە سوکایەتیە بە سەرکردەیەکی کوردی وەك شێخ مەحمود چونکە لێردەدا هیچ بوونێك بۆ شێخ دانانێ کە سەرکردەی دەوڵەتەکەیە. مەحمود خانی دزڵی لە 20.05.1919 دا ئە گاتە گۆیژە چاوەڕوانی فەرمانی شێخی دەکرد، مێجەرسۆن بە پەلە بیانوویەك ئەدۆزێتەوە لە سلێمانی ڕا ئەکا بە ناوی چوون بۆ بەسرە. پێش ڕۆیشتنی فەرمان بە * مێجەر دانیڵس * ئەدا ڕێگە لە هاتنی مەحمود خان بگرێ ئەو کات سوارەی * لیڤی * دەخەنە ڕێ بە فەرماندارێتی * جەمال عیرفان * سەرکردەی گشتی مێجەر دانیڵس 21.05.1919 دا شەڕ بە کەڵکی گۆیژەوە گەرم دەبێ لە گەڵ مەحمود خاندا سوارەی لیڤی شکاو لە دەستی پێشمەرگەکانی مەحمودخان هەڵ هاتن و چەکیان فرێدا وتیان ئەمە کورد کورد کوژییە، کورد نابێ کورد بکوژێ ئەو ڕۆژە جەمال عیرفان گەڕایەوە بەڵام * ڕەزا بەگ * کە لێپرسراوی سوارەی لیڤی بوو هەتا نیوە شەو مایەوە و شەڕی کرد. لە شاردا هەموو ئینگلیزەکان لە لایەن پێشمەرگەکانی شێخ مەحمودەوە گیران و کرانە ژوورەوە، بەم شێوەیە لە 23.05.1919 دا سلێمانی ئازاد ئەکرێ، شێخ نامە بۆ ویڵسن دەنێرێ و داوای لێدەکا کە مافی کورد بدەن وەك بەڵێنتان پێدابن تا خوێن نەڕێژرێ، هەمان کات شێخ مەحمود نامە بۆ عەشایەرەکانی تر دەنوسێ کە ئینگلیز ناچاریان کردین دەست بدەینە چەك دەنا ئێمە ئاشتیمان دەوێ نامەی نارد هەمان شێوە بۆ عەشایەرەکانی بادینان بۆ شێخ ئەحمەدی بارزانی، شێخ ئەحمەد لە شکرێك ئەنێرێ بۆ پشتگیری شۆڕشەکەی شێخ مەحمود لە ڕێگەی * بیاو، خەلیفان، باڵەکەوە * لە ڕێگە دەکەونە مۆڵگەی پیاوەکانی ئینگلیزەوە هەندێکیان لێ شەهید ئەبێ، بەڵام بەر لەوەی بگەنە سلێمانی لە دەربەندی بازیاندا شێخ مەحمود بە بریندراری دەگیرێ. دیارە ئینگلیز هەموو پێچ و پەناکانی لە شێخ مەحمود گرتبوو تا عەشایەرەکانی تر یارمەتی نەدەن هەر لەو ڕۆژەوەی سلێمانی گیرا ئینگلیز کێچ کەوتە کەوڵیەوە بە پەلە بە فرۆکە دوای چەند ڕۆژێك بەسەر هەڵەبجەدا ئەفرێ و نامەیەك بۆ لیزی فرۆکەوان دادوەری سیاسی هەڵەبجە فرێ ئەدات کە خۆی ڕزگار بکات هەواڵی گرتنی ئینگلیزەکانی سلێمانی لەلایەن شێخ مەحمودەوە بە لیز ئەگەیەنێ، خانمی ژنی وەسمان پاشای جاف بە هەڵەداوان ئەکەوێتە فریای لیز و حەشاری ئەدات و ڕزگاری دەکات، لە 23.05.1919 لەشکرێکی گەورەی ئینگلیز بە سەرۆکایەتی * کۆلۆنێل بریدجس * دەگاتە تاسڵوجە لە 25.05.1919 لەشکرەکەی ئەشکێ و زیانێکی زۆری گیانی و مادییان لێدەکەوێ، بردنەوەی ئەم شەڕە لەلایەن کوردە شۆڕشگێڕەکانەوە لوتی بەرزی ئینگلیزی شکان، ویڵسن سەر شێت دەبێ و هەرچی هێزی ناوچەکانی ترە لە دژی شێخ مەحمود و شۆڕشەکەیدا دەیخاتە گەڕ ئەم جارەیان لە ژێر سەرۆکایەتی * فرایزەر*دا نزیکەی 4000 سەربازی تێکەڵە لە ئینگلیز و سیك و هیند و عەرەب و کوردا دەگەیەنێتە دەربەندی بازیان، ئەو دەربەندەی چەندین داستانی نەبەردی و قارەمانێتی بۆ کورد تۆمار کردووە کە پێش دەساڵ بەر لە فرایزەر لەشکری تورکی عوسمانلی بە دەستی کوردەکان تێك دەشکێنرێ، بەڵام مەخابن کە خۆمان بە دەستی خۆمان لە دەربەندا بەژنی بەرز و بڵندی دەربەندمان شکان و چاوی شۆڕشمان کوێر کرد، دەنا هەرگیز ئینگلیز نەیدەتوانی بگاتە ئەژنۆی بازیانیش ئەوان هێندە شارەزای ناوچەکە نەبوون تا بتوانن لە قوڵی ڕاستی دەربەندەوە لە پشتەوە دەمەو بەیان بدەن بەسەر لەشکرەکەی شێخدا. * موشیری حەمەی سڵێمان هەمەوەنی * هەتا کورد بمێنێ و مێژوو بنوسرێتەوە مۆرێکی خیانەتە و وا بە تەوێڵی دەربەندی بازیانەوە، موشیر ئینگلیز دەهێنێتە ناو دەربەندەوە لە پشتەوە لەشکری ئینگلیز و کورد تووشی شەڕی دەستە و یەخە دەبن 48 قارەمانی کورد لەم شەڕەدا گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی حوکمڕانیەت بۆ کورد و ئازادی بۆ کوردستان 100 شۆڕشگێڕی تری قارەمان بە دیل ئەگیرێ، شێخ مەحمودی قارەمان بەتووندی زامدار دەبێ و تووشی شەڕی دەستە و یەخەی سیك و هیند ئەبێ قاچێکی بە شمشێر بریندار دەکەن و هێندە نابات موشیری حەمەی سڵێمان دەگاتە سەری و ئەیناسێتەوە و دەیکاتە دیاری فرایزەر ڕاستەو خۆ دەست بەجێ دەیخەنە ئۆتۆمبێلێکەوە و بەرەو بغداد

ئەبنێرن، ئەو گوللەیەی کە چووبووە گیانی شێخەوە هەتا مەرگی دەرنەهێنرا، بەم شێوەیە شۆڕشەکەی شێخ دژی ئینگلیز دەشکێت و ئینگلیز سلێمانی داگیر دەکاتەوە و زیندانیەکانی ئازاد دەکات، ئیدی ئەوسا ڕێگای بۆ خۆش دەبێ بکەوێتە گیانی شۆڕشگێڕان هەموو ئەوانەی هاریکاری شێخیان کردووە، دەست بەجێ نامە بۆ بەڕێوەبەرانی ئێران دەنێرێ مەحمود خانی دزڵی و مەحمود خانی کانی سابات لە ناوچەی هەورامانی تەختا دەستگیر بکەن و بیدەن بە ئینگلیز، ئێرانیەکان داواکەی ئینگلیز دەهێننە جێ و هەردووکیان بە قۆڵ بەستی ئەدەن بە ئینگلیز، ئەوانیش مەحمود خانی سابات چونکە شەڕی نەکردووە بەس بە چەك و ماڵ هاریکاری شێخ مەحمودی کردووە ونی بغدادی ئەکەن، مەحمود خانی دزڵیش لە زیندانەکانی هیندستانا توند دەکەن تێکەڵ بە دز و پیاو خراپانی دەکەن بە ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆرەوە دەی چەوسێننەوە، ڕۆژانە خشتی کاڵی پێدەبڕن و شەویش ئەشکەنجەی دەدەن.

ئینگلیز زۆر سەریان کردە سەر شێخ مەحمودی نەمر و هەوڵی سوکایەتی پێ کردنیاندا، بێگومان مافی ڕەوای گەلی کورد و شێخ مەحمودە سوکایەتی لە دوژمنی داگیرکەر وەرنەگرێ و ڕەتی بکاتەوە، ئیمڕۆش لەم هەل و مەرجە ناسکەی گەلەکەمداندا پێویستە لە سەر کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەت کێش و خاوەن هەڵوێست و هۆشیار بە ڕابەر و سەرکردە و پێشمەرگەکانی لایەنە سیاسیەکانەوە سوکایەتی دوژمن وەر نەگرن و ئەوەی دەست بۆ چاوێکیان بەرێ ئەمان هەردوو چاوی کوێرکەن ئەم گەلە لە مێژە ئەم پەندەی شێخی قارەمانی کردۆتە گوارە و لە گوێی هەڵوێستی کردووە* هەق ئەسەنرێ نادرێ * لە مێژە ئەم گەلە بە تەپڵ و زوڕنای سیاسەتی بۆگەن و چەپەڵی جیهانی ئیمپریالیزمی هەڵئەپەڕێ دەسا ئیدی با لە ئیمڕۆوە هەموو برا بین وەك هەمیشە بە گۆشت و خوێن برابووین با هەموومان لە سەنگەرێکدا ڕوو بە ڕووی دوژمن ببینەوە با لە پێشەوەی هێرشێکا بۆ ئازادی کەرکوك و خانەقین و موسڵ تێکڕای بەشەکانی کوردستان خوێنمان برژێ، با لە ئەڵقەی ڕەشبەڵەکی کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیاردا هەموو پێکرا سێ پێیی هەڵبپەڕین با هەموومان بۆ ئەم گەلە شێخ مەحمودێکی قارەمان و مەحمود خانێکی دزڵی و شێخ ئەحمەدی بارزان بین،

هەموو دوژمنانی کورد بە توند و تیژترین ڕێگا و هەڵسوکەوت بەرەنگاری بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بوونەتەوە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، شێخ مەحمودی قارەمان هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی بۆ پێگەی دەوڵەتێکی کوردی دا هەموو ڕێگاکانی تاقی کردەوە دەنگی خۆی ئەگەیاندە هەموو دەرگایەك بۆنی ئاشتی لێبهاتایە لە ساڵی 1918 دا * شەریف پاشای خەندان * ی کردە نوێنەری کورد و لە کۆنگرەی ئاشتی دا داوای مافی کورد دەکات، هەرچەندە شەریف پاشای خەندان پتر لەم مێژووە لە کۆنگرەی * مودارس * دا هەمان شێوە لە کۆنگرەی ئاشتیدا کە تا ئەو کات شەریف پاشا وەزیری دەرەوەی عوسمانلی بووە لە ستۆکهۆڵم، کە چۆن لە کۆنگرەکەدا داوا لە دەستەی بەڕێوەبەران دەکات و دەڵێ من ئێستا کە هاتووم بۆ ئەم کۆنگرەیە نوێنەری کوردم نەگ تورك من کوردم و لێرەدا داوای مافی ئازادی کورد دەکەم.

دوای ئاشکرا بوونی ئەم هەڵوێستەی شەریف پاشا لە لایەن عوسمانلیەکانەوە تووشی گێرمە و کێشەی زۆر دەبێ شەریف پاشا تەنانەت ماوەیەکیش جێگری سەرەك وەزیرانی عوسمانلی بووە کە ئەوکات * سەدری ئەعزەم * بوو،

وەیا خود هەوڵ و تەقەلاکانی شێخ عبدالسلامی بارزانی ساڵی 1914 کە چۆن بە هۆی کەم تەرخەمی عەشایەرە کوردیەکانەوە کە بە هانایەوە نەچوون شۆڕشەکەی دامرکا و ڕاونرایە ناو خاکی ئێرانەوە ئیتر ناوچەی بادینان بێ ئەسپە شێ و بێ سوار مایەوە، پاش ئەوە حوکمڕانیەتی ئێران شێخ عبدالسلام ئەگرێ و ئەیداتە دەست تورکەکان، لە 01.12.1914 دا لە موسڵ لە سێدارە ئەدرێ،

لە هەموو بوارەکاندا هەر لە سەردەمی فیوداڵە کوردیەکانەوە نە عەشایەرەکان نە دانیشتوانی شار بە پێی پێویست نەچوون بە تەنگ هۆشیاری نەتەوەیی خۆیانەوە و گرنگییەکی وەهای پێنەدراوە ئێستاش ئەوە 84 ساڵ بەسەر ئەم قۆناغەدا تێپەڕیوە کەچی هۆشیاری نەتەوەیی کورد هێشتا هەر کۆرپەیە و قغە و پڤە دەکات، تا کەی فێر نەبین لەگەڵ یەکدا هەڵبکەین تا کەی بۆ گیانی یەکدی ئازابین و بۆ دوژمنیش ڕێبەر و جێپێ هەڵگری یەکدی بین؟ ئەگەر چاوی ڕەخنە بخشێنینەوە بە ڕابوردی 100 ساڵەمانا ئەوا دەکرێ بڵێین هۆشیاری گەلی کورد هێندە بڵند نەبووە لە سیاسەت و هەڵوێستی دبلۆماسیەتی مامەڵەکردندا، بەڵام خۆ ئیمڕۆ دەکرێ بڵێین بە هەزاران سیاسەتمەنداری باڵا دەستمان هەس، هەزاران مرۆڤی بەتوانا و خاوەن ئەزموونمان هەس، ئەی دەشێ چی بێ هەتا ئێستا هەر قەوانەکەی جارانە و

لێدەدرێتەوە و هەمان تاسە و هەمان حەمام لە تای تەرازووی هەڵوێستی یەکێتی کوردا کە بەدی دەکرێ، ئەوەی زۆر گرنگیشە لێرەدا پەیڤی پێبکرێ ئەوەیە کە چارەنووسی ئەم گەلە بەس بە تەنها لە ئەستۆی پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا نیە، بەڵکو هەموو مرۆڤێکی کورد ئەگەر تۆزقاڵە زەڕڕەیەك بیر و هۆشی کوردایەتی هەبێ دەبێ غولامی ئەم خاکی کوردستانە بێ و شان بە شانی پێشمەرگە و پارتە سیاسیەکان بەرگری لە گەلەکەی بکات، لە ناسکترین بارو دۆخی کوردستاندا لە نیوەی یەکەمی هەشتاکاندا کە گەلی کورد پێویستی تەنانەت بە شنەی باڵی پەپوولەیەکیش بوو هاریکاری بکات ئێمە دەبووینە جاش! لە سەرەتای دەست پێکردنی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا ئەو کاتانەی هەموو جیهان لە ئاستی چاوی هەڵکۆڵراوی ئەم خاکەدا کوێر بوون، لە بەردەمی هاوار و نوزەی دایك و منداڵ و ژن و پیاوی بێ دەستەڵاتی ئەم گەلەدا کەڕ و لاڵ بوون، ئێمەی کورد پەیامێرمان لە سلێمانیەوە دەگەیشتە هەندەران و سوێندمان دەخوارد کە ڕژێمی عێراقی گازی ژەهراوی و کیمیاوی نەکردووە بە سەر کوردەکاندا و بە سەر هەڵەبجەدا خەتیبی مزگەوتی گەورەی سلێمانی * مەلا ئەحمەد قەرەداغی * ئەم ئابڕوو تکانەی بە بەژنی وشك هەڵاتوی 5000 شەهیدی هەڵەبجە بڕی و لە ڕۆژنامەی پاشکۆی عێراقی ئەو سەردەمەدا هەمان کات لە چاو پێکەوتنێکدا لە بەهاری ساڵی 1988 دا بڵاوی کردەوە، ئەو کاتەنانەی هەموو سەنگەرێکی بەرگری پێویستی بە پێشمەرگەیەك زیاتر هەبوو ئێمە دەچووین لە فەوجە سادەکانی ڕژێمدا دەبووینە جاش، بە سەر قوتەی بڵندی سەنگەرەکانمانەوە باوەشمان بۆ جانتای دبلۆ ماسی پڕ دینار و ئۆزمۆبیل و سۆپەر دەکردەوە، کەللەی هاوڕێی پێشمەرگەی خۆمان دەفڕاند و لە بەغداد دا بە گەلای پانی دیناری عێراقی ئەمان گۆڕییەوە، دەبووینە دەستە برای ڕۆژنامەکانی بەعس و تاوانی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەمان بە بەرۆکی شان و باڵی پێشمەرگەدا بەر دەدایەوە، ئەو کاتانە پێشمەرگە و ئاوایی و کوردستان بە تێکڕایی شەهید دەبوو ئێمە دەبووینە ڕێبەر ئەژدەهاکەی بەغداد و دەبووینە جاش، دە تەماشابکەن چەندین ڕاوێژکاری ڕژێم بووەتە کلکی تەوری دوژمن و بەژنی درەختی کوردبوونمان ئەبڕێتەوە، ناوی هەموو ئەو ڕاوژکارانەی شان بە شانی حیزبی بەعس کورد قڕانیان کردووە.

1ـ لەتیف ئەحمەد زێباری، 2ـ جەوهەر هەرکی، 3ـ ئەسعەد جانگیر هەرکی، 4ـ محەمەد کلحی ڕێکانی، 5ـ شێخ فازل مستەفا بەرواری، 6ـ بەهرە شێخ مەحمود شیماهارو، 7ـ موشیر ئیسماعیل ڕوقیە، 8ـ سعدی محەمەد ڕەشید زێنێ، 9ـ مسعود شێخ کبیر سورچی، 10ـ شێخ عبدلغفور خالید ئەغدو بردانی،11ـ عزالدین محەمەد ئەمین یاسین ڕەش گەری، 12ـ شێخ محەمەد سەلیم شوشی، 13ـ ساڵح محەمەد جەمیل ئاغا میران خۆشناو، 14ـ محەمەد ئەمین قادر ڕەسول ئاغا،15ـ شێخ براهیم عەلی حاج ملو مزوری، 16ـ حمزە عەباس مامەند ئاغا ئاکۆ، 17ـ شێخ عاسف ئەحمەد زێباری، 18ـ حیکمەت نەجمان الدوسکی، 19ـ مەحمود حەمە ڕەسول ئاغا پشدەری، 20ـ نرگیز فەریق تاهیر دوسکی، 21ـ عومەر حەسەن ڕەسول گەردی، 22ـ شێخ سەعید محیالدین بەردە ڕەش، 23ـ قادر مەحمود خەلیفە برادۆستی، 24ـ ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم منتك، 25ـ سلێمان شێخ محەمەد سلێمان، 26ـ سەعید ئەسعەد شێدنە، 27ـ فەتاح بەگی جاف * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 28ـ حەمید زیرو الهرکی، 29ـ سێخ فارس مستەفا سلێڤانی، 30ـ وریا بایز گەردی، 31ـ کەریم خان مەحمود خەلیفە، 32ـ سدیق عەلی باویل ئاغا سورچی، 33ـ تاهیر حسین محەمەد الجباری، 34ـ ڕەشید سەلیم حاجی عەلی خێڵانی، 35ـ مەحمود ئەسعەد فەتاح پرکی، 36ـ بەشیر ئیبراهیم ئەحمەد سەکران، 37ـ مدحت تۆفیق مەنسور الداودی، 38ـ عبدالرازاق محەمەد ئاغا بۆتانی، 39ـ مامەند حەمەد مەولود گەردی، 40ـ شێخ ئەنوەر ڕەشید میران، 41ـ سمکۆ عەبدی زێدکی، 42ـ شێخ کامیل شێخ هادی سولەیی، 43ـ ڕەفعەت عبداللە شیروانی * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 44ـ شێخ سدیق بریف کانی، 45ـ عەلی عبوش سلێمانی، 46ـ شێخ مەجید شێخ بایز، 47ـ کەریم عبداللە محەمەد، 48ـ معتەسەم عبداللکریم حسین البرزنجی * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 49ـ سالار نەسراللە قادر، 50ـ حیکمەت عاید مزوری،51ـ مەحمود حەمە ئەمین ساڵح* مەحمود بەگی گوڵی *، 52ـ تۆفیق حەمە فەرەج حەمە ڕۆستەم نورۆڵی، 53ـ مەحمود عومەر ساڵی میرانی، 54ـ فواد کەریم هەمەوەندی، 55ـ شێخ کسری محەمەد سەعید بەگ جاف * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 56ـ ڕەشید حمید ئەمین شیروانی، 57ـ جەلال ئەسعەد چەرمەگا،58ـ عومەر محەمەد عەلی چەرمەگا، 59؟ شێخ هەڵگورد عبدالکریم کەس نەزان، 60ـ سوارە ئاغا عەباس مامەند ئاغا، 61ـ شێخ بێستون عوسمان مام یحیی، 62ـ خەلیل حاجی سلێڤانی، 63ـ یوسف ڕەمەزان باللك، 64ـ ئەحمەد کوێخا ڕەجەب، 65ـ عەباس بایز بلو، 66ـ بورهان مستەفا شوانی، 67ـ عادل هادی ئاغا، 68ـ کەمال محەمەد مام

ڕەشید، 69ـ خالید مەحمود ئەحمەد غوارە، 70ـ سەلیم مەمەند ڕەسول ئاغا، 71ـ سەید شێخ تاهیر عەلی عبدالرحمن جەباری، 72ـ جەلال کاکەیی * جەلال ڕەفیق سەید ولد *، 73ـ شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرالدین بەرزنجی، 74ـ عەونی مستەفا عەقراوی، 75ـ شێخ عومەر چەرمەگا، 76ـ شێخ محەمەد تاهیر زێڤانی، 77ـ شێخ خەلیل عبداللە شرخانی، 78ـ شێخ بەدیع حەسەن مراد بەرزنجی، 79ـ بەکر وەسو محەمەد نورالدین، 80ـ شێخ تۆفیق شکیرانی، 81ـ عومەر بابەکر سەلیم ئاغا، 82ـ حەسەن مەحمود محەمەد ئەمین، 83ـ قادر حامد هاجانی، 84ـ محەمەد سەعید مەحمود شەمێرانی، 85ـ شێخ محەمەد نەجیب نەقشبەندی، 86ـ شێخ حسین محەمەد فەتاح گەلاڵی، 87ـ هەمزە باپیر بابەکر، 88ـ شێخ مەحمود ئەحمەد شەریف غوارە، 89ـ شەریف مەحمود مەعروف کوڕەداوێ، 90ـ شێخ دیوالی ئەتروشی، 91ـ عەلی عبداللە عەلی کوجر، 92ـ مەلا عەزیز حەمە شێخانی، 93ـ شێخ ئەنوەر، 94ـ ئاکۆ عەباس بایز ئاغا، 95ـ فەخری ئیسماعیل ئاغا ڕەشگەری، 96ـ مەحمود محەمەد ئەمین کەریم، 97ـ شێخ مەحمودی شیر گوڵ، 98ـ شێخ ڕووناك ئیبراهیم داودی، 99ـ هۆمەر ئەحمەد، 100ـ محەمەد ساڵح میرخان بەرواری، 101ـ جاسم محەمەد ئەحمەد ڕەشید سلێمان، 102ـ دژوار فەیسەڵ محەمەد مزوری، 103ـ شێخ تاهیر عەلی زیدکی، 104ـ ئیبراهیم کانەبی بلو ئاکۆ، 105ـ محەمەد عەلی ڕەسول * حەمە بچکۆل *، 106ـ عبداللە حسن ساڵح ڕنگینەیی، 107ـ عومەر بشار سندی، 108ـ موحسن محەمەد یاسین دوسکی، 109ـ شێخ جەرجیس حەمید حەیدەر، 110ـ عیسمەت دینو، 111ـ لەتیف محەمەد ئەمین قادر جاف، 112ـ شێخ ساڵح ئەحمەد حسین گەلاڵی، 113ـ شەریف عەزیز شەریف شینکی، 114ـ شێخ محەمەد حەسەن خۆشناو، 115ـ عوسمان عبدالرحمن فتح اللە شوانی، 116ـ سالار نەسراللە مشیر ئیسماعیل، 117ـ عەلی چوارتایی ناسراو بە * عەلی ئەوڕەحمان حەسەن *، 118ـ فارووق ڕەشید عەلی نەوڕۆلی، 119ـ شێخ خدر فەتاح حسین قامیشی، 120ـ عومەر ئەحمەد عەلی ناسراو بە * عومەرە بچکۆل *، 121ـ تەحسین شاوەیس سەعید * بەشداری ئەنفالی کردووە و بکوژی شە هید ئارام و مامە ڕیشەی قارەمانی کۆمەڵەیە *، 122ـ خدری ڕەشید یحری، 123ـ شێخ نەجمەدین شێخ ساڵح بەرزنجی، 124ـ شێخ سەلاح گۆرانی، 125ـ شێخ تەحسین محەمەد ڕەشید زەنگەنە، 126ـ محەمەد ساڵح بابەکر مزوری، 127ـ فارس محەمەد قادر، 128ـ عبدالرحمن حسن ڕەزاق، 129ـ شێخ فەهد بیجان، 130ـ سەلاحەدین سدیق میران قادر، 131ـ سادق محەمەد ساڵح مزوری، 132ـ عەونی حاجی قادر، 133ـ تاریق سەعید مزوری، 134ـ شێخ ئیسماعیل عبداللە ڕێکانی، 135ـ لەتیف محەمەد ئەمین قادر، 136ـ فارووق ڕەشید نەوڕۆلی، 137ـ محەمەد سەعید ئەحمەد هارونی، 138ـ شێخ جەلال محەمەد ڕەحمان، 139ـ حەمە ڕەشید عبدالرحمن تیلکۆیی، 140ـ عەلی شێخ ئەمین بەرزنجی، 141ـ حەمە خان دارا ڕەشید، 142ـ تەیب حەمە بەرزنجی، 143ـ محەمەد حمزە محەمەد، 144ـ عبدالرحمن عەلی عەزیز، 145ـ عادل تۆفیق برواری، 146ـ میرزا ئیسماعیل شەریف، 147ـ فازیل مستەفا بەرواری، 148ـ ئەنوەر میرزا، 149ـ خدر عبداللە حسین، 150ـ بایز عزالدین ڕەشید جاف، 151ـ عومەر مەحمود محەمەد ماموی، 152ـ محەمەد ئەمین زراری، 153ـ ئەحمەد حەسەن گەردی، 154ـ زید عومەر سورچی، 155ـ ئەکرەم کەریم مەجید کوردی، 156ـ خالید عبدالرحمن ئاغا ئومدری، 157ـ عەلی کوێخا، 158ـ جاسم فارس زێباری، 159ـ خالید شێخۆ، 160ـ ڕەشید ساڵح ئەتروشی، 161ـ شێخ ساڵح ئەحمەد محەمەد پشدەری، 162ـ مەحمود عوسمان عبداللە شەرەف بەیانی، 163ـ بەشیر محەمەد عبداللە بارزانی، 164ـ شێخ جەلال مەحمود برا دۆستی، 165ـ جەلال مەحمود ساڵح، 166ـ ئەحمەد عوسمان، 167ـ عەلی عبدالرحمن کۆ کۆیی، 168ـ قاسم کەریم ئەحمەد شینکی، 169ـ سوارە فەتاح فەرەج جاف، 170ـ شێخ ئەحمەد جەمیل ئەمین بەرزنجی، 171ـ محیالدین شێخ عەزیز بەرزنجی، 172ـ ڕەحیم کەریم قادر بارام، 173ـ عومەر محەمەد حەیدەر، 174ـ قادر محەمەد ئەمین ساڵح قەرەوەیسی، 175ـ عەلی زۆراب، 176ـ سەعید محەمەد غەریب جاف * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 177ـ سەلاح ئیسماعیل ڕەشید دلوی، 178ـ شێخ لەتیف حەسەن بەرزنجی، 179ـ شێخ ساڵح ئەحمەد ئیسماعیل ئاغا ڕوقیا، 180ـ شێخ ساڵح مستەفا سلێمانی، 181ـ محەمەد عبدالکریم بەرزنجی * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 182ـ حەسیب محەمەد ئەنجە جەباری، 183ـ محەمەد ئەحمەد عبداللە کەلیخان، 184ـ حەمە ڕەئوف فارس، 185ـ بەهجەت فەرەج مارف شەرەف بەیانی،186ـ محەمەد ئەحمەد ئیسماعیل بیوەری بلباس، 187ـ ئیسماعیل عەزیز ئاغا زەنگەنە * بەشداری ئەنفالی کردووە *، 188ـ ئیسماعیل عەزیز خان دلوی، 189ـ وەلید قاسم ئاغا ڕۆژ بەیانی، 190ـ خەلیل سلێمان حاجی بەدری سندی، 191ـ شێخ سەلیم شێخ عبدالحلیم شێخ حەسەن دوسکی، 192ـ شێخ محەمەد جەلال کاوانی، 193ـ سەعید

مەولود خەلیفە، 194ـ سەعید ئەسعەد بالك، 195ـ شێرزاد عەلی ئەحمەد داودی، 196ـ محەمەد محمود مستەفا خۆشناو، 197ـ عبدالعزیز العمری، 198ـ شەفیع عەلی مەحمود بالك، 199ـ عبدالحمید عوسمان محەمەد شەریف سورچی، 200ـ ئەسعەد سەلیم حاجی خێلانی، 201ـ شێخ حسین ڕەشید ئیسماعیل ئاغا ڕۆخی، 202ـ یاسین عەلی ڕەمەزان، 203ـ مەمی ڕەشید محەمەد کۆچەر، 204ـ کەمال جەمال ئاغا کاکەیی، 205ـ حەمەد ئەمین تەها سورچی، 206ـ موحسین محەمەد زۆراب، 207ـ هیمەت کەریم فەتاح گۆران، 208ـ حاجی سەلیم دەروێش ئاغا مەڕۆیی، 209ـ محەمەد عبدالقادر کاکە مەند، 210ـ عوسمان مەحمود قادر جاف، 211ـ شێخ ناسر محەمەد قادر هەورامی، 212ـ دڵسۆز مینا خدر، 213ـ سەباح عومەر سەعید بابانی، 214ـ غەفور کەریم عەباس دۆڵپێشکی، 215ـ فارس عەلادین ئەحمەد زراری، 216ـ قادر محەمەد ڕەشید عبدالقادر، 217ـ حسین تاهیر حەسەن، 218ـ ئەحمەد پۆفی ئیسماعیل سواری، 219ـ عومەر عەلی شەریف، 220ـ قاسمە ڕەش ناسراو بە قاسم درەیی،

***

لێردە دا بە بە مە خابوونێکی زۆرەوە کە خۆی لە ڕاستیدا ژمارەی ڕاوێژکارەکانی ئەو سەردەمە 360 ڕاوێژکار بوون، بەڵام بەداخەوە من ئەو بەڵگانەی کە لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 دا بە لیستی ناوی پیاو خراپان و جاش و ڕاوێژکارەکانەوە بە هۆی هاوڕێیەکی ئازیزمەوە گەیشتە دەستم بە هۆی خراپ بوونی لاپەڕەکانەوە و دووبارە کردنەوەی کۆپی کردنیانەوە نزیکەی 140 ناوی ڕاوێژکار بزر بووە بەو هیوایەم لە دەرفەتێکی دیکەی تردا ناوی ئەو 140 وڵات فرۆشانەی تریش بخەینە بەر دەست، سەمەرەش لێرەدا ئەوەیە کە ئێستا زۆرینەی ئەو ڕاوێژکارانە لە ناو دەزگاکانی دەوڵەتە بچکۆلەکەی کورد کار بەدەستی گەورەن و چەندەها تێشوی قوربانی ئەم گەلە ڕێیان تێدەکەوێ و لێیان دەپارێنەوە تا کارێکیان بۆ پەیدا بکەن یان لە بەڕێوەبردنی ئەرکێکیانا بەزەییان پێیاندا بێتەوە و کارەکەیان بۆ بە ئەنجام بگەیەنن، لە هەندێ شوێندا لێپرسراوی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەن تەنانەت بۆیان هەیە ڕێگە لە بڵاو کردنەوەی چەندەها دەزگای ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەوانی بگرن، هێشتا تەواو ساغ نەبۆتەوە کە گەلی کورد چەند جاش و خۆ فرۆشی هەبووە ئەو ژمارەیەی کە تا ئێستا لە سەر زارە بەس بە تەنها لە باشوری کوردستاندا نزیکەی 150 هەزار جاش و 360 ڕاوێژکار 403 فەوجی جاش هەبووە بێجگە لە ئەو کەسانەی تایبەت سەر بە دەزگا ئاسایشیەکان و سیخوڕەکانی عێراقی بوون، ئاخۆ ئەگەر ئەو ڕێژە گەورەیە هەموو تێکڕا دەست لە ناو دەست پێشمەرگە بوونایە دەکرا ئاسۆی ئەم گەلە ئێستا چۆن ببینرایە؟! سنوری کوردستانێکی * 409650 * کیلۆمەتر چوار گۆشەیی کە بەتەنها لە خاکی بەریتانیا و هۆڵەند و بەلجیکا و سویسرا و دانیمارك گەورەترە ، بەداخەوە جێگەی خاوەنەکەی خۆی کە کوردە نابێتەوە.

گەلی کورد هەمیشە ساویلکانە دڵی خۆی کردۆتە مشتی داگیر کەران و دوژمنی بێگانەوە لە پێناوی تۆزقاڵە پرشنگێکی خۆری ئاشتیدا وەیان پشت و پەنای بردۆتە بەر یەکێ لە وڵاتە زلهێز و دەستەڵاتدارەکانی دراوسێ یان ئەوروپایی و ئەمریکیەکانەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەی سەلمێنراوی شۆڕشی دبلۆماسیەتی کوردە و پەنا بردنە بەر ئاشتی و هێزی سیاسی دۆستانە وەیان هەندێ جار پەلمان هاویشتووە بۆ دوژمنی داگیر کەرانی تورك و فارس و عەرەب، لەو سەردەمانەی کە تورك شەڕی یۆنانی دەکرد و قەپی کردبوو بە چەند پارچەیەکی سنوری خاکی یۆناندا، گەلی کوردی بەکار هێنا بۆ لێدانی یۆنانیەکان و زاڵ بوون بەسەریاندا کەمالیەکان بەڵێنیان دابوو بە کوردەکان ئەگەر هاتوو ئەم شەڕەی یۆنان ببەینەوە ئەوا ئێمە لە ناوچەی کوردستاندا دەوڵەتێکی کوردیتان بۆ دائەمەزرێنین، پاش بردنەوەی شەڕەکە و گۆڕانی پەیمانی سیڤەر بۆ لۆزان ئیتر کەمالیەکان هەتا توانیان خوێنی کوردیان خواردەوە هەتا توانیان قڕ و قاشی کوردیان کرد، بە زۆری زۆرە ملێیی کوردیان کرد بە تورك لە خاکی تورکیادا، لە کۆماری مهاباد دا کوردەکان چاوەڕوانی ڕوسیایان دەکرد کە پشت و پەنای کۆماری مهاباد بێ، هێندەی نەبرد ڕوسیا لە گەڵ * قوام سەڵتەنە * ی ئێراندا ڕێك کەوتن و لە ناوچەی ئازربایجاندا گەڕانەوە ئێرانیش بە ئارەزووی خۆی کەوتە گیانی کورد و قازی محەمەد و هاوڕێکانی لە چوار چرادا لە سێدارە دا، لە باشوری کوردستاندا دیسان ساڵی 1970 لە پەیمانی ئاشتی و ئازادیدا گەلی کورد توانی بە 10 هەزار پێشمەرگەوە بە سەرۆکایەتی * مەلا مستەفای بارزانی * نەمر مل بە ڕژێمی عێراقی کەچ بکات و دان بە مافی کوردا بنێ، بەڵام دوژمنی نالەبار خوێندنەوەی بڕیارەکانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دوا ئەخست تا بتوانێ

خۆی بگرێ و جارێکی تر زرمە لە کورد هەڵبستێنێ، خوێندنەوەی ئەم بڕیارانە کوردی 4 ساڵ دەست خەرۆ کرد ئاکارەکەشی ئەوە بوو گەلی کورد بە 120 هەزار پێشمەرگەوە وازیان هێناو چەکیان دانا و شکستی رووی لە شۆڕش کرد، جارێکی تریش هەر دوژمن سەر کەوت، بەو هیوایەم توانیبێتمان ئیمرۆ وانەیەکمان لە ڕابوردی پڕ کارەساتی خۆمان وەرگرتبێ جارێکی تر دەست خەرۆ نەبینەوە ئەم گەلە ماندووە 400 ساڵە خوێن ئەڕێژێ با ئیمرۆ هەموو پێکڕا تەقەلاکانمان بکەین بە یەك بۆ ئازادی یەکجارەکی گەلی کورد با خوێندکار و کرێکار و ڕنجبەر و پێشمەرگە و نوسەر و سیاسەتمەندارانی ئەم گەلە هەموو ئیمرۆ بەس بە تەنها بۆ ئازادی کورد خوێن بڕژین و چی تر نا، با هۆشیار بین و جارێکی تر لە خشتەی وڵاتان نەبرێین.

کۆتایی

20.08.2002

**پۆلا سەعید**

سەرچاوەکان:

1. یاداشتەکانی ئەحمەد خواجە
2. یاداشتەکانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی
3. بزووتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد شەهیدی نەمر شەرەف کەندی
4. کورد و کوردستان شەهیدی نەمر دکتۆر عەبدول ڕەحمان قاسملو
5. شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی باشوری کوردستان مامۆستای شاعیر و مێژوو نووس محەمەد ڕەسول هاوار
6. یاداشتەکانی بەرێز جەلال تاڵەبانی لەسەر شێخ مەحمودی نەمر
7. یاداشتەکانی بەڕێز مەسعود بەرزانی لە سەر هەڵوێستی شێخ ئەحمەدی بارزان بەرانبەر بە شێخ مەحمود
7. ئەو بەڵگەنامانەی لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری ساڵی 1991 لە دەزگاکانی بەعسدا گیراون،
8. ئەرشیفەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە نێوانی ساڵەکانی 1987 بۆ 1989
09. کورد و کوردستان شێخ محەمەدی مەردۆخی